کتێبی گیرفان 44

# هڕۆڤاو

پەخشان

سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر



هەولێر ٢٠١٠

هەر بابەتەی ئاورێك

(پەخشان)

# مرۆڤاو

سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر

**وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر**

ناوی کتێب: مرۆڤاو

نووسەر: سەدرەدین نوردەدین ئەبوبەکر

پیتچنین: نووسەر

نەخشەسازی: محمد فیصل زەنگەنە

نەخشەسازی بەرگ: ئاسۆ

چاپ: چاپخانەی رۆشنبیری

ژمارەی سپاردن: (٦٠٦) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان دراوەتێ

• مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە

• ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە
www. kurdchap. com

# پێشه

زۆرینـەی گەنجینـەی وێـژەی کـوردی شـیعره، ماوەیەکیـشه بـرەو بـرەوی چـیرۆك و رۆمانـه، کەچـی لـه بـواری پەخـشانی رەوانـدا، رەواڵـی نارەوایـه، پەخـشانۆکه لـه کۆنـەوه لای بەختەمامی بەخشندەو بەختەوار، کەم بایەخ و بیّ رمێن بـووه، خوازیارین لەم رەوازەدا مەردو رەندان، رەنگرشتنی پەخـشانی هونەری، به هونەرێکی رەوا ببێنن.

سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر
هەولێر– ٢٠٠٩

# راز نووسین [1]

که بڵاوکراوەیەکی نوێ دەبینم، هەستم دەبێتە منداڵێکی بنارگر[2] چاوی بە بووکەڵەیەك دەکەوێت ورك دەگرێت، هەڵدەپەڕێ و خۆی دەپچڕێتەوەو، تا وەدەستی نەهێنێ ناوەستێ.

هەر گوڵێکی تازە پشکوتوو ببێنێ، دەیەوێت شۆخی ودڵکێشی و بۆنخۆشی هەڵبسەنگێنێ، دەیەوێت بزانێت ئاخۆ گوڵە مێخەکێکی پڕ گوڵاوی هەنارییە ! ؟ گوڵهەنارێکی دوورکوژی نزیك خەسارە ! ؟

بەدەست خۆم نییە، ئەمە خووەو گرتوومە. جارجارە دەمەوێت دەست لە نووسین وەربدەم، هەستی دەروونم

---

١- بۆ قوباد بەهرەوەر نووسراوە، که لە ساڵ ١٩٧٥ لەگەڵ شەهید جەمیل رەنجبەر بەیەکەوە لە دەربەندی رایات و چۆمان بووین، ئەوکاتە بەهرەوەر شیعری ناسك و جوانی دەنووسی، بەڵام که لە بەهاری ساڵی ١٩٨٩ نامیلکەیەکی چاپکراویم کەوتە بەرچاو، بینیم بۆ ئەوەی شیعرەکانی بڵاوبکرێنەوە، هێندە کلك و گوێی کردبوون، کەلکی چوونە ناو گەلەیان نەمابوو.

٢ - رکۆنی، رقگر، غەزرۆك، بنارگر...

تۆماربکەم، بەمەرجێك لەگەڵ ڕەوەو نەوەی بڵاوکراوەی ئێستا بگونجێت. زۆر لەخۆ دەکەم، خۆم دەسخەڕۆ دەدەم، گەر گەرەکم بێت زەڕنەقووتەکەی ببێتە کۆترێکی سپی ماڵی، یا گاپەلێکی کێوی، ئەوا چاو هەڵناهێنێت، لە ناودەستمدا مرداردەبێتەوە.

که بمەوێت نەمرێت و باڵ بگرێت و ببێتە فرندەیەکی ئێسك سووك، ئەوا دەبێتە هەڵۆیەکی تیژفڕ، قیژە تیژی دەنووك و چڕنووك پۆلایین، هەر حەفت ئاسمانان تەی دەکات و دەقریوێنێ، شاباڵی بەسەر سەری دوێنێ و ئەمڕۆو بەیانی دادێنێ. لە بەرزایی ئاسمانەوە، بە چاوە تیژەکانی، گشت کونج و بن پنجی ئەم گەردوونە بەوردی دەپشکنێ، لە گەڵ ڕەوی واشە لاشەخۆرەکاندا دەیکاتە جەنگی مان و نەمان، تاریان دەکات، ئەگەر دەیگرمەوە، ئەوا قەفەزەی دڵ و دەروونم دەشکێنێ، بەرەڵادەبێت دەمفەوتێنێ. !

نازانم بیرو هەستی من نامۆیەو لە گەڵ خـــودی خۆم و دەوروبەردا ناسازێ! یا ئەمە ڕاستی و دروستی بارودۆخی نووسین و ڕەنگدانەوەی ئەمڕۆی ژیانی ئێمەیە؟

که هزرو هەست، زمان و دەربڕین، کردارو هەڵسوکەوتی مرۆ، لە یەکدی هاوێربکرێن و لە یەکتر دابڕێن، لە ئەنجامدا پێکەوە نەبان و نا تەبا دەبن.

من وای بۆ دەچم کە جیابوونەوەی گفتارو کردار، لەگەڵ بیرو بۆچووندا، لە سەرچاوەی هەستەوە هەڵدەستێت، چونکە هەست، هەست بە تاڵ و شیرینی ژینگەی ئادەمیزاد دەکات، نزیك و دوور، هەورازو لێژ، کات و شوێن دەبینێت.

خۆنەویستە زۆرانبازییەك لە نێوان ویژدان (دیوی ناوەوەی هەست) و ویستە خۆشە ژیانپەرستەکان روودەدات، بێلەنگەرییەك پەیدا دەبێت، یا زمان و کردار دەبنە داردەستی دەستی ویژدان، یا جڵەوی لە دەست بەردەبێت و ئەسپە شێتەی حەزی نەخۆش هەڵیدەگرێت و لە هەڵدێری قافی ژیانی داوێت، دەسەڵاتی باڵاش پابەندە بە پتەویی خودی مرۆڤ و کاریگەریی دەوروبەرەکەی.

کە دەمەوێت تابلۆیەك بنووسم. باشووکەی خەیاڵم هەڵدەفرێنم، بۆئەوەی بیرۆکەیەکی دڵگرم بۆ بگرێت، بەڵکو بیکەمە هەوێنی کورتە چیرۆکێك، کۆپلە شعرێك. لووت و

بـزووت سـەدان رووداوی رووت بـە قینـەوە روودەبنـە پـەلی خـەیالم، بالبەسـتی دەکـەن و بـۆ سـەر زەوی راسـتەقینە دایدەگرنـەوە، هـەزاران بـووکی رازاوەی شـەرمنی دڵ پـڕ رازو ئارەزوو، بووکە پەری باڵ سپی لێو بەبزەی چاو بە فرمێسك، بێ شەرم، بێ باك دەستی زاوای هەستم دەگرن، بە نزگرەی خنکاوەوە لێم دەپرسن:

((لـە ئێمـە شـۆخ و خۆشـتر، رووپـاك و دەروون خـاوێنتر، دلسۆزو دڵ بەسۆتر، دڵگیرو دڵ گەرمتر بـە کـام خـەیاڵ و کـام راوکەر راودەکرێت؟

لـووت بـەرزەی نابینـا! بـۆ نامـانبینی؟ ئێمـە ئەفـسانەی نەبڕاوەینە، بۆ نامانخوێنیتەوە؟)).

کـە کـەزی چـەند بەسـەرهاتێکی سـەر ئـەم خاکـە نـاخ پـڕ بوومەلەرزەو گڕکانە بەیەکەوە دەهۆنمەوە، دەبێتـە زنجیرێکـی ئێجگـار گـەورە، زنجیرێك کـە هـەموو زینـدەوەرانی سـەر ئـەم هەسارە، هەوسارو سندم بکات. ! بەلاَم تەنیا، هەر بە تەنیا لـە خۆم دەئالێتەوە. دەبێتە ئەژدیهایەکی ترسناك، لە سەر کلکیا رادەوەستێ، دەم دەکاتەوە، دەکیفێنی، دەڵێم ئێستا گـاز لـە

گۆی زەمین و ویژدانی مرۆڤایەتی دەگرێت، کەچی تەنیا، بەڵێ تەنیاو تەنیا، بێ ئەوەی کەس هەستم پێبکات، هەست و هۆشی من دەگەزێتەوە.

ناچار، بە ناچاری و کوڵەمەرگی هەڵیان دەوەشێنمەوە. دووبارە، سێ بارە، دە بارە.

چیبکەم، خەیاڵ لە فڕین ناکەوێت، ئەندێشەم پڕ ئێشەو دەگەڕێت، چاو دەگێڕێت. گەرەکییەتی گوێ بۆ شتێك رابگرێت، کە تێنووەتیم بشکێنێت، شەکەتیم بحەسێنێتەوە.

کۆنەخوازانی، پەنا دەبەمەوە بەر رابردوو، گوێ بۆ گۆران، هەردی، کامەران، هێمن شل دەکەمەوە، مقامەکانی خاڵە تایەر، مامڵێ، خالقی، لاوکەکانی کاوێساغا، شڤان دەخوێنمەوە، بۆ دڵسۆزییان بە سۆز دەگریم، کە بە ئاگادێمەوەو ئەسرینەکانم دەسڕمەوە، چاوی سەرنجم دەگێڕم، گوێی هەستم بۆ هونەرێکی رەسەنی سەردەم رادەگرم (کەدەڵێم هونەر مەبەستم مانا فراوانەکەیەتی)، لە داخان دووبارە کوڵتر دەکوڵێمەوە.

لەوەتــەی لــە یەکــدی دابــڕاوین (لــە ئــاداری ۱۹۷۵- ۱۹۹۰)ەوە، لـە تـۆ دەپرسـم! هونـەری داهێنانمـان، داهێنـانی هونەریمان چی بووە؟ دەزانی پازدەساڵ لە تەمەنی میلـەتێکی دواکەوتوو، لە چەرخی خێرایی و پێشکەوتندا نرخـی چـەندە؟ مەگـەر ژاپـۆن لـە سـاڵی (۱۹٤٤)ی.ز. لـە جەنگـدا نـە دۆڕا؟ نەپلێـشایەوە؟ ناکـازاکی و هیرۆشـیما مـۆری دڕنـدەیی تـەوێڵی مێژووی مرۆڤایەتی نین؟ بە پازدە سـاڵ لـە وڵاتێکـی شکست خواردووی گەورەترین جەنگ، لە دوورگەیەکی دووری بێ نـەوت و بـێ زێـڕو ئـەڵماس هەڵنەستایەوە، نـەبووەوە ئـەم ژاپۆنـەی ئیمڕۆ کە دەوڵەتە دەوڵەمەندو مەزنەکانی ڕۆژهـەڵات و خۆرئـاوا دەستی دەرۆزەی بۆ پان دەکەنەوە؟

بەڵێ بە پازدە ساڵ! بەڵام چۆن و بۆچی؟

چـونکە ئـەوان لـە نـاو خـودی خۆیانـا هەرەسـیان نـەهێنا، هەستیان نەمرد، حەزی خۆپەرستی ڕەشکێنی چاوی نەڕشـتن، کاتیـان کـردە کۆڵیـان و کۆڵیـان نـەدا، سـووتان لـەلایان بـووە ڕووناکی و وزەو جووڵەو سەرمایەو تێگەیشتن و پێگەیشتن.

پرسیارێکی شێتەو وەڵامێکی ژیری دەوێت! لەم حەمکە ساڵەدا تەکان و رابوون و پێشکەوتن و گەشەکردنمان، لە گشت بوارەکانی ژیانا چەند بووە؟ هونەرو داهێنانی هونەریمان چی بوو؟

کە هاوێنەی هونەر دەبێتە ئاوێنەیەکی تەڵخ، شێوەی کات و شوێن و کاردانەوەی دەروون دەشێوێنێت، هۆنەرو هونەرەکەی پووچەڵ و بابردەڵەو مردۆخ و بێ نرخ و بێ گیان دەبن.

من حەز لە گۆرانی دەکەم، گۆرانی دەنووسم، لەگەڵیاندا دەژیم، حەزم لە دەنگ و ئاوازێکە هەست و هۆش جۆش بدات، گریان و خەندە بەخش بێ، بوێرو چاوتیژو تۆکمەو رەسەن و بێ خەوش بێ، وەك ئەو هەڵۆ بەرزە فڕەی ئاسمانی وارە بێ نازەکەمان.

من هۆگری لاوك و باڵۆرەو حەیرانم، شەیدای چریکەی شاڵوورو بلوێری شوان و قیژەی هەڵۆو قاسپەی کەوانم، لەشاخەکانەوە بێنەوە نێو گیانم : ((وەرە لێ لێ، گەلۆ لۆ لۆ، رابن لۆلۆ، درەنگە لێ لێ ...))

١٩٩٠- بەغدا

# لێم گەڕێن با لە غەریبی بمرم

ژن و مێردێکی هەژار، دوو سێ منداڵی سەلکەو پێچکەیان هەبوو، لە شارۆچکەیەکدا دەژیان و بە یەکەوە، لە ژوورێك دەنووستن.

پیاوەکە بە ڕۆژ لەدەرەوە کاراو پەیداکار نەبوو، ئێوارانیش بەدرەنگەوەو بە دەستی بەتاڵ و بە مەدهۆشی هۆرتە هۆرتە دەهاتەوە. بۆیە ژنەکەی بەشەو لەناو نوێن وەدەری دەناو سەرماو برسی و بێ ئالیکی دەکرد.

شەوێکی ساردی زستان، ساوینی کچۆڵەیان بەئاگادێت، دەبینێ باوکی لەتەك نوێنەکانی لەسەر زەوی ڕووت، کورژەی کردووە، خەمی بۆدەخوات، بەدڵسۆزییەوە بانگی دەکات: باوە... باوە...! هەستە! بڕۆوە ناو جێگاکەت، سەرمات دەبێت.

باوکەش بەکزی و خەفەتبارییەوە: ((لێم گەڕێن با لە غەریبی بمرم)).

كە بە منداڵی ئەم پەندەم دەبیست، کەنینم دەهات، وەك کچۆڵەکە دڵگیرو هەست کول و جگەر بە کوان و سی کواندار، کەلەخ و کەللە کلۆرو دەروون کەوڵکراو، کول ماڵ و کۆڵەوارو کۆڵەژان لە کۆڵ، بەسەر گەردانی و شوێنبزری سەر چیغ دەچووم. وام دەزانی ژنەکە درو دۆستدارو نادروست و نارەسەن و چەك بەدەست و ناچیزەیە. پیاوەکەش کاڵ و هۆش کەم و کەم توانایە.بەڵام ئێستاکە لای خۆم وابێت، پیرو ژیرو گەڕیدەو سەراو و دەراو دیوم، لەبنە پاڵەوەش بە چاوی خۆم دیومن، تێیان ڕاماوم، ئەزمووندارم، چاك چاك دەزانم، ئەگەر ئەم جۆرە مێردانە، لەنێو پەردەدا، نەوبووك دەستیان لەمل بکەن، رایان مووسن، بیانلسنەوە، رایان هەژێنن. ئەوان ئاوی ناسازی بەنگی هەندەرانییان نۆشیوە، هۆشفڕیون، لەخۆیان و دەوروبەرو سەرو پێ و پێگەی خۆیان دابڕاون.

٦/ ٢٠٠٢ سلێمانی

## مرۆڤاو

ئەگەر بمانەوێت بە پێوەرێك مرۆڤ و ژینگە بخەینە نێو دوو تای تەرازووی هاوكێشەی سروشتەوە. دەتوانین بڵێین (( ئاو: مروڤی پاك و چاكە ویستە، ڕاگری ژیان و ڕازی نەبڕانەوەیە.

ئاو: هێمای پاكی و پوختكاری و چاكیاری و ڕەوشتبەرزی و خەبات و سوودبەخشی و نەبەزینە.

دۆخی ئاسایی ئاو شلەیە، دەیخەنە سەر ئاگرو تیشكی كینەو دەیكولێنن، (با)ی هاندەرو هاریكاری هاران، بەتەوژم لەڕووی ئاوی زەریاو دەریا فراوان و بێ بنەكان دەدات، بەشێوەی شەپۆلی سەر شێت و بێ جڵەو تێیان دەخوڕێت و لێیان دەخوڕێت. تیشكی خۆریش لەملاوە بەگڕی گەرم دەیدەمێنێ. هەرچەندە ئاو لەژێر پاڵەپەستۆی ئازارو تەوژمی ژاندا پشت نادات، دەستبەرداری پاكی و چاكی نابێت، بەلام ڕەنگە لە ناچاریدا لە هەندێك دۆخەڕێ و دۆخی دۆخین شلیدا، ئاوی شلە بكشێ و بچێتە دۆخی گازییەوە (ببێتە هەڵم و بەرەو ئاسمان هەڵبكشێت)، لەوێشەوە، (با)ی ركن و سەرگەرم، لەئاسمان بەویستی خۆی بیسووڕێنێ و لوولی بدات،جارێك

پـەرش و دووجـار گـرد و شـەنی بکـات، بیهـاژواو لێـرەو لـەویَ پەرت و بڵاوی بکاتەوە.

کە (خۆر) و (با) و خۆرککـاران[1] دەبیـنین ئـاو بـە شـلەیی و بەکوڵان و بەکردنە هەڵم و وەشاندن نافەوتێت.

گوم نابێت، دەست لە خەسڵەتی خۆی بەرنادات.. کـوێردڵان بەرەو زەمهەریر، ساردی دژواری داژۆن. هەڵمی ئاو دەگەیەننـە نێـو سـەهۆڵبەندی بۆشـاییە بـەرزە تـەزیوەکانی گەردوونـەوە، بەڵکو لەویَ سڕ ببێت و دەست و پێی بشکێت، بەسڕی دەست لـە پاکیـاری و چاکـسازی هـەڵبگرێت. ئەگـەر نەشخڵـچێت، جارێکی دیکە راست نەبێتەوە.

---

١- ژەنگ و چڵکن و دەردچێن و گەندەکاران (خۆرکت لیَ بکەوێت، لوولـەی تفەنگەکـەی خۆراك لێی داوە).

کەچی هەڵم خۆی وێکدێنێتەوە، خەست دەبێتەوە، کلۆ کلۆ، دڵۆپ دڵۆپ بە ڕێژنەو شڵێوە، لە بەرزایی ئاسمانەوە لە منداڵدانی هەوری ئاوس بە کامی ژانی گورز وەشاندنی بریسکەدارەوە، بە رەهێڵە و شەستە بارانی سەر بە قەپووچك، دادەبارێتەوە سەر کەژو لێرەوارو دەشت و دۆڵ و کێڵگەو بەیاری نەرمێن و چەقێنەوە.لەوپەڕی تەوژمی دابەزین و وەبەر ڕەقایی کەوتنیدا. لەبری رکابەری و تۆڵە کردنەوە بە شالاوی لافاوی کۆنگرە[1] و رامالێن و لرفکردن. بە لێبووردەیی و دڵسۆزییەوە، ڕەشکاوی بەدی و کینەو لاساری دڵکرمنان، خاشاکی خاك و دەردو گەڕی گەرو گەوران، کرێژی تەوێڵی دەرگای کۆشك و کۆتان و ئەشکەوتی ستەمکاران، گەڵاو چڵ و لکی ڕووەکی دڕکن و ژەهراوی دەشواتەوە گەرووی وشکی، خۆڵی گەرووی بەر ڕۆژ، تەڕدەکاتەوەو گیانی وەبەر دێنێتەوە، تۆوی ژێرخاك و نەمامی شەمزاوو گیاندارو بوونەوەرانی تێنووی جۆراو جۆری ژینگە پاراو دەکاتەوە. تۆو چەکەرە دەدات، دارو دەوەن و پنچك پشکۆی نوێ دەردەکەنەوە.

١- قۆنگرە، شەپۆلی تووڕە بە تەوژم...

ئاو، هەوا سازگارو سروە بۆن خۆش و ژینگە خاوێن، زەوی سەوزو رەنگین و نەخشین دەکاتەوە. کێڵگەی گەنم و گیاوگوڵی پاوان و زەمەندی نەرمێن و دۆڵان بەدەم خەندەو شنەوە، ساوای ناو لانك دەخەوێنێتەوە، خونچەی بەرۆك دادڕاوی کوڵم ئاڵی دەم پڕ گولاو، میوەی ڕەنگاو ڕەنگی مزرو شیرین و مێخۆش، پاوانی ژیانی پاکەکاری دەبووژێنێتەوە، دڕوونی و چڵکنی و خلْت و لیْخنی، بەرەو ڕووبارو ڕێژگەکان ڕادەماڵێت.

ڕێگرو چەتەو چەوتکارانی دژو دەروون دژوێن، یەکدەست و یەکدیگرتر، بەنیگەرانی و پەشێوییەوە، بەپیلان و داو نانەوە، شێوازی ڕکابەری و ڕووکاری لە یەکدانەکەیان، ڕووبەڕووی ئاو دەگۆڕن.

ئەم جارەیان وادەزانن کە ئاویش وەك وردیلەو گەردیلەی توخم و ڕەگەزە کانزایی و ناکانزاییەکان، بەساردکردن دەتەزی و وێك دێتەوە، لە لاملی و سەرگەرمی خۆی سارد دەبێتەوە، تا دەگاتە پلەی بەستن و ڕەقبوونەوە لە کورژبوون و بچووکبوونەوە ناکەوێت.

بۆ ئەوەی بەساردیی هەناوبڕ بەری کاری ئاوی چاك و پاك بگرنەوە. بەمەیین، تین و تەوژم و ڕێڕەوو بڕوای پتەوی ببڕن. بەسایەقەو زریان و سەرسەڕو زوقمی زەمهەریر، هورژمی بۆ دەبەن.

ئاویش لە سەرەتادا، لەگەڵ تەزین و سڕیدا، وردە وردە بۆ بەرگەگری یا بۆ دەسخەرۆدانی ناحەزانی، خۆی دەگوشێ و بچووك دەبێتەوە. لەکاتێکدا نەیارانی ئاو بەدیارییەوە چاوەڕوانن بگاتە پلەی گۆدی و سڕی و مەیین. بەبچووکی و پووخەییەوە سەرمابردە رەقێتە دەربکات، وشك و ڕەق ببێتەوە.

ئاو بەر لە پلەی بەستن (سفری سەدی)، بەڵکو هەر لەپلەی چواری سەدییەوە، لەنیازی گلاوییان دەگات و بەسڕی ڕادەچەنێ، تەکان دەدات، لەیاسای سروشتی کانزاو ناکانزاکان و ویستی ئەوان دەردەچێت، بە ڕاشکاوی یاخی دەبێت، لەبری پتر بچووکبوونەوە، ئەو بەتین و تەوژمێکەوە دەکشێ و گەورەو گەورەتر دەبێتەوە، کە بە هیچ هێزێك بەرزەوت نەکرێتەوە.

ئاو لەپلەی سفری سەدی، بەکشاوی و قەوارەی گەورەوە دەچێتەوە دۆخی ڕەقی.

ئاو بە بەستراویش دەبێتەوە سەرپۆشی گیاندارانی ناخی، ناهێڵێت ڕەق هەڵێن، ڕەوتی ئاوی ژێرەوەیشی لە گڕو گەڕان ناوەستێ.

کە دووبارە دوژمنانی بە دژواری و بەداخکردن و برژاندن دەکەونەوە گیانی، دیسان ئاو دەگەڕێتەوە دۆخی شلی، باری سازگاری، خۆراکی خۆش و ئۆکسجین و ئۆزۆنی پاکی چاکەیش بە دیاری لەگەڵ خۆی دەبات. چڵك و پیسی و منۆخی و...

خستۆتە نێو هەگبەی قورقووشمینی زارك داخراو، بۆ ئەوەی بەسوێراوی دەریاو زەریا پاکژیان بکاتەوە، یا بیانداتە ماسی و نەهەنگان.

بەڵێ لەوەتەی ئاوو مرۆڤ و ژیان و سروشت و گەردوون دروست کراون و لەگەڕدان، ئەم سوورو سوورە سوورە، سووڕی ئاوو چاکیاری مرۆڤ، لەگەڕن و ناوەستن.

ئاوی تێربڕوا چاکسازە، خۆشبەزۆکێکە هەرگیزاو هەرگیز نابەزێت، بەڵام بەپێی بارو دۆخ لەکاتی دۆخەو لە شوێنی دۆخەکاران، چاکسازانە، لەدۆخێکەوە دەچێتە دۆخێکی باراو گونجاوترەوە.

دهۆك –٢٠٠٦

## کەلەپووری نوێ

((سەرمایە کارکەر دەگوشێ، گەل لە دەرگای میریدا، میر خەوتووە، دواڕۆژیش لە خۆی ریتووە[1]))

نیو سەدەیەك بەر لە ئێستا باو باوی خەنەبەندان و چەپڵەرێزانی چەپرەوان بوو.

چەپانێکی وێرداری[2] چۆپیزانی یارو یارای ئەو کاتە، ئەستێرەی بەختی لە تەختی ئاسمانی رۆژدا دەدرەوشایەوە، چەپخوازەکە خاوەنی تەلارو باخ و بەرو ماڵ و کارو پلەو پایەو دەسکەوتی رێك و پێك و لە بار بوو. ژنێکی تەرپۆش و کوڕێژگەیەکی حۆلی حولحولی و، منداڵێکی ساواو، خونچە کارەکەرێکی ناسك و نەگەچراویشی دەبێت.

گێژە کوڕێژگە لە نێو ئاپۆرای چەپڵەکوتان و بانگدەرو هات و هوت کێشانی چەپان، دەبینێت هەر ناوی باوکی ئەویان لە سەر دەمە. لە چەپ و راستەوە، بە چپە بە ئاشکرا، هەر بە باوکی ئەو هەڵدەڵێن.

---

١- ناوەرۆکەکەی لە د.الخیر خاف الله بەرپرسی فاو لە هەولێر/١٩٩٧ بیستراوە.

٢- ژیر، هۆشمەند.

له زاری ئەوانەوە دەبیستێت کە باوکی سیاسەتمەدارێکی بلیمەت و رامیارێکی وردبین و  پێشهات زانێکی بەهرەدارە.

حەزی گەلحۆ دەجمێ و ناحەجمێ... کەلکەلەی رامیاری و مامیاری دەکەوێتە کەللەی پووکیەوە.چەندین جار داوا لە باوکی چەپخوونی دەکات کە ئەویش فێری رامیاری و رامکاری بکات. ئاپۆی چەپخۆریش دەزانێت، رازو رووی گێژەی کوڕی یەکەو، تابلێی راست و راسترەوە. هیچی لەبارەی کەلەکبازی و راستپۆشییەوە لە باردانیە. بۆیە هەمیشە بە نابەدڵییەوە یەك کورتە وەلامی دەکردە دەستی:

(( رامیاری: هەڵبەزو دابەزە، وازی فێڵچنین و داوبازییە. راوکردن و رامکردنە. سیاسەت: هونەری شیاندن و خۆشکردنی پێگەو پێگەیشتنە. بانۆکییە، لەباربوونە لەگەڵ هەل و مەرجی نالەباردا، قۆستنەوەی هەڵەی بەرامبەرو هەلی هەڵکەوتووە. هەڵە نەکردنی لە  پەلەکردنە. چەپیی چۆپیزانی دەوێت. کنگێکی دەوێت کۆتەڵ بکاتە باراش، چوونە ناو ئەم ئاشەتەندورەو گێژەلووکەیە دەستی تۆ نادات.))

بـەڵام کـوڕە وازی بـوو و بـە مکوڕییـەوە وازی لـەم وازیـە نەدەهێنا.

ڕۆژێك باوکـەی گـەلۆر لـە نێـو خێزانەکەیدا، بـە ناچـاری بـۆ ئاسانکاری و تێگەیاندنی گەلحۆی کوڕی دەفەرموێت: ((کوڕم! من کـارم تێکـەو لێکەیـە، پـوول و پێداویستەکانتان بـۆ پەیـدا دەکـەم. دەکرێـت مـن بـە (سـەرمایە) بـچوێنیت. واتـە منـی سەرمایە، بناخەو ڕاگری ماڵ و خێزان و کۆمەڵگەم.

خاتوونی دایکیشت، کە بە پێـی کـات و شـوێن و دەرفـەت و دەسکەوت و بایەخ، کاروباری ماڵەوە ڕادەپـەڕێنێت. وا دابنـێ دایکت میریە،(میر)ە، چۆن میرە هـەنگ پـوورە بـەڕێوەدەبات، ئاوها ئەویش کارەکان هەڵدەسووڕێنێت.

ئـەتۆو خـەڵکانی زۆری دەوروبـەرت، کـە وەك ئەنـدامانی پـوورەی هـەنگ، هەمەتەمـەن و هەمـەڕەنگ و هەمـەکارن، لـە خۆتانەوە، یا بە نیگا ئاماژەیـەك، تێکدەسـووڕێن، کاردەکـەن. شەکەتن. کۆمەڵێك ئازارو ئارەزووتان هەیە، بـە گەلـەیی بۆیـان دەکارێن، گریمان ئێوەش (گەل)ن.

ئەم كچۆلە كارەكەرەيش كە رۆژ و شەو لە كاردایەو لەبەر دەستان وەستاوە، هەڵكەوتی ڕێتارییە كە دەبێت لە نێو ریتك و پیتكدا هەڵبكات. وابزانە ئەویش چینی (كاركەر)ە، بەهۆی زۆركاری و كەمدەسكەوتی و بێ دەسەڵاتییەوە، سیاسەتمەداران بۆ دەربڕینی شەكەتی و رەنجەڕۆییان، بە چینی چەوساوەو زۆرلێكراوو دەستزبران و... ناوی دێنن.

منداڵە ساوایەكەی خۆیشمان، كە مان و نەبڕانەوەمان بەوەوە بەندە، هەر بۆیەشە كە گشتمان لە پێناوی گەشەكردن و گەشانەوەی ئەودا خەبات دەكەین. دەتوانین بڵێین ئەویش (دواڕۆژ)ە.

باوكەی جەربەزە بۆ پتر ڕوونكردنەوەو مێشك ئاودان، بە زەقی و جەختی بۆ كوڕی گێژی دووپاتی دەكاتەوە ((سەرمایە، میر، گەل، كاركەر، دواڕۆژ بنەماكانی رامیارین. لێرە بە دواوە واز لە من بێنە.بۆ خۆت وشیاربە، چاوت بكەوە! هزرت بخەگەڕ... بە وردی،چاودێری رۆڵ و پەیوەندییەكانی نێوان (بنەماكان) بكە. ماوەیەك بۆ ئەزموون و

راهـــاتن، بـەبێ بینینـی ئـەنجامی مـسۆگەر، بـە خـەیاڵپلاوو پێشبینی نادیارەوە فێرە راوو نێچیر گرتن ومتمانـە[1] بردنـەوە بـە، دواتـر بـە خەملاندنی لـە تاریکییـەوە، دەستخەرۆ مەبـەو خۆت رەنجەڕۆ مەکە.

رۆژ هـات و رۆژ چـوو، چـەپگەڕ سـووڕا... رۆژێـك گـەلحۆ بـە چـرقەی گـەرمای نیـوەڕۆ، بـە ویزەویـزی وێـزەی رامیارییـەوە لەبـەر خۆیـەوە، هۆرتـە هۆرتـە بـەرەو مـاڵ دەگەڕێتـەوە. لـە دەرگای دواوەی خانووەکەیانەوە، سـەر بەسـەر نادینەکەیانـدا دەگرێـت، دەبینێـت بـاوکی چـەپلەری بـە سمـت و سـاتان و ریتکی کارەکەرەکەیانەوە نووساوە، دەیگوشێ و دەیمـژێ، بـە ملّقلێدانەوە ریتاڵە لە ریتە دەدات. کاسـە، سـاتێك دەتاسـێ!. کتکانی بـێ هەسـت و خوسـت دەکـشێتەوەو دەچـێتەوە رووی پێـشەوەی کۆشـکەکەیان، لـە دەرگـای ئـەم ژوورە دەدات کـە دایکـی تێیـدا خـەوتووە، تـا شـل و کـوت دەبێـت دەرگاکـە دەکوتێت، دایکی لە خەوی قووڵ رانابێـت. بـە نـا ئومێدییـەوە سـەر بـە ژووری منداڵـە ساوایەکە دەکـات. دەبینیـت ئـەویش ریتووە. رووی خۆی و ژوورەکەیشی بە پیسایی سواقداوە.

که چرگەهێڕ دەڕوانێتە چەپەڵکارییەکەی چەپخوازی باوکی ((خودا لە چەپازڵلەو چنگ و چەتاڵی چەتەو چەوتخوو و چەپاوکارانی سەروگوێلاك مەڕی دەم و چرنۆك گورگ، چەپاڵەمان بدات)) بە سکی برسی و هزری داهێزراوەوە، گێژەی هەڵۆ لێیداو، بە هۆشی مەدهۆش و گەرووی وشك و هەستی ورووژاوەوە، بە هەنگاوی لارو پات، بە نێو تراویلکەی گەرمایەکەو خەیاڵی خۆیدا، دەگەڕێتەوە لای سەرچڵانی کۆڵان و چەپەربەندانی سەر شەقام.

کە ئێوارە دووبارە شل و پەتیار بە شلۆقییەوە روو دەکاتەوە ماڵ، دەبینێت ماڵەوەیان بە گرداوگردی لێو بە بزەن، بە سازی و سازاوی خەریکی خۆشخۆری و شیرین نۆشی و خۆشی چەشتن و گاڵتەکردنن. هوڕەی رك و سۆزی هێڕە هەڵدەکات. بە هۆڕەو هەنسکدانەوە دەیەژێت: ئیمڕۆ نمێژ نیمەڕۆ گەڕیامەوە، بەم دوو دیدەیەی خۆمە دیم: ((سەرمایە کارکەری دەگوشی، گەل لە دەرگای میری دا، میر خەوتبوو، دواڕۆژیش لە خۆی ریتبوو)).

پێشینان دەفەرموون: ((قسەی راست لە دەمی منداڵ و زمانی بێ وازان ببیستە.

کەس کوڕی دوێنێ نییە، هەمووان کوڕی ئەمڕۆن)).

سەرە شوان و کۆنە سەرناس و پیرە پسپۆڕانمان دەزانن، کە ئەمڕۆ کوڕی دوێنێ و نەوەی پێرێیە. بۆیە خوێنیان بۆ یەکدی دەبزوێت، کەم و زۆر رەنگ و روویان، خوازیارو خدووخوریان لە یەك دەچێت.

## بەرچاو نییەو دڵگرە

زۆر جاران کە بەرهەمێکی هزری، بەتایبەتیش بابەتی ئەدەبی و هونەری، بەگوڵاو دەشۆنەوەو بەخشڵ و پلپلەو تەنتەنەی سەیر دەیرازێننەوە، بە دەرخستنی سینەو قوڵ و نەرمەڕانی ڕووتی سۆزو سەرنجکێش، بە بەرگ و ڕووخساری نەخشین وپڕڕەنگ و پڕشنگدارەوە، لەگەڵ حەشامات و تیپی میوزیك و زوڕناو دنبگ لێدانەوە، بە تلیلیلی و چەپڵە کوتانەوە، لە ئارایشگەی دەزگای چاپەمەنییەکانەوە، بەرەو یانەی ئاهەنگگێڕان و هۆڵ و سەیرانگەی پەرتووکخانەکان، دیدە دیدو زیقەو فیکەو کامیرای سینەما بەدواوە، بە شاشەقامی بازاڕەوە دەکەوێتەڕێ، جووڵە لە شەقام دەبڕێ، تەنیاو تەنیا، ئەو لەبەر چاوی سیخناخی سەر ڕێڕەو و شۆستەو باخچەکانی شارەوە، تێدەپەڕێ و دەسووڕێ و هۆدەداتەوە،وەستاوانی گۆڕەپان و خەوتووانی گۆڕستانیش دەزانن بووکەو دەگاتەجێ.

خوێنەری ئەوین پاکی دڵبڕاو، بە شاییەوە چاوەڕێیەتی، دەستی بگاتە دەستی و بەرەو ژوانگەی ئاواتی ببات. ئێوارە

لەماڵەوە بەبزەوە لێی دەڕوانێت، نوقڵە وشەی شیرین و چرپەی نیازو و ملچەی خونچە گولاٌنی دەداتێ، دەخزێتە ناوجێ. بە چاو دەیلێسێتەوە، لێوی سۆزو دەستی هەستی لە هەستیارترین شوێنی دەسوێ. کاتێك بە چاوی سەری خۆی، بە سوور سوورپییەوە دەبینێت:

بووك سۆز مردووە! بگرە تەرمێکی سڕو ساردو بێ گیانە، دوو گیانیشی نەدیوە!

رادەچڵەکێ! دەحەپەسێ! بەرچاو تاریك، سەرسووڕکەدەگرێت، بە شڵەژاوی دیدی بیری پێدا دەگێڕێ، بە سەرسامی ڕادەمێنێت،سەرپۆشی تەنکی شەرمنی و ناسکی نازو دەسکە گوڵی نایلۆن و سەرکڵاوی رازاندنەوەو گەردانەو لەپکەو گۆبەرۆکی سنگ و زی و بەرۆکگر وەلادەنێت. چەندین پەرەو ڕوپەری سپی و نەخشینی پێشەکی و ناوەڕۆك هەڵدەداتەوە، بووکە پەرتووك ناجووڵێ. گوێ بە گۆی مەمکی چەپییەوە وەدەنێت! ڕەق و وشك بێ ترپەیە، بێ رەوان و بێ حەزو کڵپەیە، لاشەیەکی سووك و گەڕی وازدارە، سەرتاپای

پێستی وشکە بیرۆی گرتووە، ئێستا نا، بەڵکو هەزار ساڵ پترە مردووە.

برای هزر رفاوی باڵبڕاو، پتر زۆری لە خۆی دەکات. ئەملا... ئەولا... بەبیری منداڵی و هەرزەیی و قەیرەیی لێی رادەمێنێتەوە، بە نابەدڵییەوە رایدەمووسێت. بە چاو، بە گوێ، بەزارو زمان، بە دەست و پێ دەیدوێنێ. دەیگەوزێنی، سنووری سوور دەبەزێنێ.

بە بێنی تەنگ و ئومێدی پووکاوەوە، ئاخی ناکامی هەڵدەکێشێ، لە ساردییاندا گەرم دادێت، هەڵدەچێت. بە هەستی ساردو کەللەی گەرمەوە، هەر بە گەرماو گەرمییەوە، بە لەز دەیبات لە گەرماو بیشۆرێت بۆ ئەوەی رەنگ و رووی راستەقینەی ببینێ. کە بۆن و بۆیە، بە کەفاو کاڵبوونەوە، کۆنە بووکەڵەیەکی باغەی پینە پینەو هەتاوگازی، لەبەردەستدا راهات. ئەمەبوو سەربردەی خۆم، کە بە پێداهەڵگوتنی هاورێیانم، پەرتووکێکی قەبارە گەورەی نووسەرێکی ناوداری رۆژم کری، چل و چوار لاپەرەییم، بە بیست و دووجار گیاندان خوێندەوە، ئیدی بەندی دڵم پسا،

بەزەییم بەخۆمدا هاتەوە، سکیشم بە هەڤاڵەکانم سووتا. بێزم لـە پــەرتووك و بــووك و پێبــووك و ئارایــشگەو پەرتووکخانــەو دەزگای چاپ و راگەیاندن و نووسەرەکە بووەوە.

لەبەر دڵی برایانیشم، نەوەك بە پەلاری تێبگـەن، لەوانەیـشە بترسـم کـە بەکـەم ئـاوازەو دەروون ناسـازو بیرکـوێرم دابنـێن، گوتم: ((گوتن زیو بێت، کرێ زێرە)).

بەهەڵکەوت وارێککەوت، هاوکارێکم ڕۆمانێکی بـۆرەی بـەرگ خمینی خەمگین، کەناوێکی نادیاری شەرمنی بەسـەرەوە بـوو، لە مەکۆی کار خستە ژێردەستم.

منی مارانگەستە بەتیلەی چاو چەند مۆروو و ڕستەو ڕشتەو برگەیەکەم هەڵپشاوت. هەسـتم کـرد بـەوردە شـەپۆلی سـرك و بزەشەرم، دەمهەژێنیّ، دەمگریّ و بەرزەوتم دەکات، بە ترس و شـەرم و نـەهێنی یەکـەم دڵـداری بێگـەردەوە، دەسـتم گـرت، شـەرمم تەزانـد، بـە نیـازی یـار و یـاوەری پاکـەوە، بردمـەوە وێرانەی تـەنیاییم، بـە شـەوی بەسـتەڵەك خـەیاڵی سـەرگەرمی گرتمی، لە پەنا پەردەی هێلانەی نوێوە خزاینە ناو نـوێن. بـۆن و هەرامە بەرامەی پتر هزرو سۆزی سەربەست و مەسـت کـردم،

پەلی هەست و نەستی بەستم، بەخەندەی وردە بیرۆکەکانی چاوی هۆشی داپۆشیم. لەم نیوە شەوەدا لەگەڵ رازو نیازی ناوەرۆکێکی تەلسماوی کەوتمەوە جیهانی هەرزەیی و لاویەتی و خۆشی و شۆخی پەرستییەوە.

جارێك بە ئاوازێکی ماتەمین شینم دەگێڕا.

وادەبوو سەر بەقوڕ فرمێسکی سێرپزم دادەباراند.

ناوە ناوەیش سووسکەیی... هەیدۆ هەیدۆ... سەرچۆپی گرێ بەزم و ڕەزم بووم.

شەپۆلم دەدا. سازاوێکی فێنك گەرووی حەزی هەڵەشەی تەڕدەکردم و دادەمرکامەوە. نازانم ئاخۆ سروشتی سروشتی بوو، یا فیلم؟ بە ناو بیرەوەری و ڕەزو باخ و کەناری شاخ و دەشت و چەمی بەدەماخ و توولەماری ڕێی ئاگریداخم دەبڕی. بە سەر پردی بڵێسەو نەبەزیندا، بە ناو بۆسەی گورگ و ئەژدیهاو دێواندا تێدەپەڕیم...

لەگەڵ گرازە گرازی گازی سپێدەی سەپانان، لەگەڵ گازو گرازەی بووك گواستنەوەی قولنگ و قازان، لەگەڵ ژانی زان و خۆدیتنەوە، بەئۆف و ئاخەوە هەڵدەفڕیم...

کاتێك نیشتمەوەو وەئاگاهاتمـەوە، گـزنگ و پاسـاری لەبـەر پەنجەرەی ژوورەکەم جریوە جریویان بوو.

لەخۆم پرسیەوە: بۆچی تەمەنی شەو هێندە کورت خۆشڕەو بوو؟ لەم شەوەی تەمەنمدا چیم لێکەوت و چـیم دەسـتکەوت؟ چیم چاند و چیم چنیەوە؟

ڕامام...

لەبەر بینای هزرو نەستم، عەلی بەردەشانی بەندبێژ، شـایی پــەریانی دەگێــڕا، ڕســتەو ڕشــتەو چــەپکە گــوڵی چـیایی، کەرویشکەی گوڵاڵە سـوورەی قـژی گـوڵی کـچ و بـەر پـشتێنی کــوڕی دێ و دەرو دەشــت و هــەواری بــەهاری کــوردەواری، مێخەکبەندی سەر دوو هـەناری دەم بـەگوڵی سـینە لـە شـاییدا دەشنانەوە و هەڵدەبەزین.

بـەڵام ئـەم هەراوهۆریایـە لـە ئاهـەنگێکی کڕوکـپ و تـاری ڕەنگــی پرســەداران بــوو، بێ ســوارو لەشــکرو پۆڕســپی[1] و هۆشگەو تیپی هەڵپەڕین و ژەنین، بێ بارگەو دەستکێش و تـاج و باڵ و تارای سپی.

1– بەر بووك، پێخەسوو.

بێ بۆنی لۆکس و تیرۆزو تـابلۆی ڕووی نەخـشاوی شـەبەنگ ڕەنگ و باق و بریقی ئارایشگە. زینی شـیرین بـووکی سـەرزین، لـە کـەژاوەی خـەم بـۆ کاکەمـەم دابـەزی و گەیـشتە شـوێنی مەبەسـت. چـووە نـاو جـێ و باڵینگـانی سـفتی دەرفـەت و هەڵکەوت. شەو، تەمی مەینەت ڕەوییەوە، خەرمانەی مانگ لـە ژێر تارای سۆزی گەرم دەرکەوت، لە ئامێزی جوانـاوی شـەرمی پیتدارەوە، هەڵکوت هەڵکوت ئاونگ دەمـی خونچەی تـەڕکرد، بەگڕو تینی کپی ژیلەمۆی دوێنێ و بـە (بـا)و چـاوئاگرەو کڵپـە چاڵاکی لاوچاکی ئەمڕۆ، کارو هیوای هەواری دووگیان، بـەهاری تەڕو ئاوازدار، لە کێڵگەی شـۆخی پڕ بڕشـتی، کۆرپـەی ڤیـانی نیان و نەوەی چاوگەشی بەیانی چاوی هەڵێنا.

بـەڵێ، چـیرۆك چـن، بەوپـەڕی ئاگاییـەوە، هـەوێردەو بـاڕە سوێـسکەی هەسـت و هـزری خوێنـەر دەفـڕێنی، هـالێرە... هالـەوێ... لـەپڕ دەیخاتـە نـاو تـۆڕی گرێـچن و ڕووداوی سەمەرەی لەناکاوەوە،

لەچـەم دەدات، بـەرەو لووتکـەی ویـستی خـۆی هەڵـدەزنێ، ئاوڕێژ دەبڕێ و سەرەو نشێو دادەگەڕێت... ڕاوکراوی کەپـەنك

بەشـان، لـەدۆڵ و بڵنـداییان هەسـت ڕادەگرێـت، بـەرە بـەرە، بەرەو کڵاوەی کەپك دەچێتەوە، لە بێ پلانی و ڕێدەرنـەکردنی نووسەر، سەری سووڕدەمێنێ، سەرسووڕکە دەگرێـت! وردتـر، دوورتر ڕادەمێنت، لەخۆی دەپرسێتەوە! ئەم دین و دێوانەیـە، چۆن ئەم حەمکە لەتلەتە، لەتچن و ئەم پانتایی و یاڵ و بنـار و دۆڵ و تۆپکانە بەیەکەوە دەگونجێنێ؟ کوو ئەم تۆپە ئاسـنینە بێ کلیلە، ئەو تۆپە ریسە ئاڵۆسکاوە و گرێکوێرەو قوڵفەو پـێچ پێچ و پێچەکە شەتەکدراوانە دەکاتەوە؟. کە دەستت دەکەیتە سـێبەری چـاوت، چـوار کـەنارو بـەرپێی خـۆت و ئاسمـان دەگـەڕێی. لـە هیکـڕا تـەوارێکی برسـی دەردەکـەوێت، نێـرە کەروێشکێکی خـڕپن لـە گەرمـەلانێ هەڵدەستێنێ، سـەرتاپای کەژو دەشت و دۆڵی ناوچەکەی پـێ تـەی دەکـات. خوێنـەریش بـە مانکـە مانـك؟ پـێ لـە جێپـێ بەشـوێنییەوەیە... هـەتا مەبەسـتی پلانـی تۆکمـەی بـە ئاگـایی، لەنائاگییـدا لـە زەوی دەدات.لـەپڕ، ئۆخـژنێك، فێنکـایی و ئاسـوودەییەکی گیـانی، تـەزوێك، بـە ئاگـای دێنێتـەوە، ئـەو کـات دەزانـێ هـەڵۆی هەڵبەست چ دکرێکی کردووە.

لێرەش لەترسی دەستەی پەلاربازو نیشان پێکانی ڕۆژو کڵاو پەڕێن و سەرفڕێن و گیان رفێن و ڕوونپۆشانی شەو، ناوێرم ناوی سواری ماینێ شێ بێنم.

٢٠٠٧- هەولێر

## ئەو كەسە كەسە ئەلفێكی بەسە

پێشتر دەگوترا: ((ئەو كەسە كەسە، ئەلفێكی بەسە)) كەچی ئێستا كاراو دانایانی گەڕیدەو زۆر زانانی سەردەم، پیتۆلّ و بلّیمەت و بانۆكانی بواری شیاندن و هەموارکردن دەلّێن: ((ئەلف بەعارەبی هەزارجارە.))

وەستان گەنینی بەدوا دا دێت. هەلّپە هەلّپ و هەلّپەڕینی بیّ ئامانج و بیّ ئەنجام، ئەگەر چی ڕووتکردن و ڕیتنیشی بەدواوە بێت. ئەوا وەرزشە و بۆ دروستی كەللەو كەلەش كەلكدارە.

بكۆش و بدۆش و تێكوشەزان و كۆشپڕانی ڕۆژ، بەتیلینگاوە كار بە پەندی پیرە هەژار دەكەن كە فەرموویەتی:

((دەلّێن شاعیر بووی، بۆ بوویتە قەساب؟

– لەتانەی نەزان جەرگم كون كونە.

جاران من دەستم لەچاوی سەگ بوو

– ئێستا سەگ چاویان لەدەستی منە[1]))

---

١– هەژار، بۆ كوردستان، ل ٢٧٦ . چ ٦، سنندج.

# هەڵبەزو دابەز، بە کێیە؟

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی کارەبا، لـە گونـدێکی ڕۆژهـەڵاتی هەولێر، کارەبای ماڵی پیرە پیاوێکی وجاخکوێر دەبەستن. کـە ئێـوارە تاریـك دادێـت. پیرەمێـرد نازانێـت چـرا کارەباییەکـە دابگیرسێنێت، بەشوێن کارەبـا کارەکـە دادەچێت. دەیهێنێـت فێـری بکـات، چـۆن گلۆپەکـە دابگیرسـێنێت، ئـەویش فێـری دەکات.

پیرەمێـرد دەیـەوێت ڕوونـاکی چـراکەیان وەکـو ڕۆشـنایی فانۆس و چرا ڕەشکەی سەردەمی ئەو، بە پێی پێویست، کز یا گەش بکرێـت، بۆیـە لێیدەپرسێت: وەسـتا گیـان پـێم ناڵێیـت هەڵبەزو دابەزەکەی بەکێیە؟

وەستاش بە پێکەنینەوە: خۆکارە. لەدەست ئێمە دانییە.

ئەوەی ئێمە لـە وڵاتـانی خـەوتوو دەیبیـستین و دەیبیـنین، هەڵبەزو دابەزی کارەباو کورسییەکان، لە بانەوەیە، خۆکارە.

٢٠٠٤- هەولێر

## شەڕ بە شیر مامرەت بە دراو

لــە چــەرخی راوچــیایەتی و بەرەنگاربوونــەوەی دڕنــدە کێوییــەکان، مــرۆ شــیرو تــیری دروســت کــرد، لەســەردەمی ســـەرهەڵدانی پیــشەسازیش، دراوی جۆراوجــۆر، کەچــی لەناوەڕاستی دۆخەی دۆخی پیشەوەری، چەك و دراو مرۆڤ دروست دەکەن، ئاخۆ دەبێت لەپاشکۆی دووری پیشەزانی چ قەقنەسێك بدۆزرێتەوە ؟

## بەرد لە شوێنی خۆی بەسەنگە

دەگــوترا ئــەوەی فــلاَن بناســێت، دەزانێــت چــاو تێــرو دەستبارگرو بەسێبەرو خانە دانە

((بەرد لە شوێنی خۆی سەنگین و گرانە))

کەچی دەبینین ڕۆژ ڕۆژی سووکرەوی و بەپەلە پڕکردنی سك و گیرفانە.تێر بڕوای سەنگەر نەگۆڕیش کەللە شەق و بیر کۆڵ و کــورت بــین و نەزانــە. لــە جوولــە نەکــەوتن، بــەرەو پــێش ڕۆیشتن، یا بەرەو پاش چوونەوەی بەتاو، بزووتن و گۆڕانە.

مەرجی مامۆستاش، چوون و نەوەستانە.

## سەرکۆتی سووکی بوو

کە منداڵ بووم، باو باوی فەرمانی باوك سالاری بوو، سەرکۆتی و لوولاق رووتی بۆ پیاوی پیاو سووکی و شەرمەو ناشیاوی بوو.

ئێستا دەبینم سەرو شان و سنگ و پووزو نەرمەی ڕان ڕووتکردن، دامەن هەڵماڵین و وانەك خواسکرنی نێرینەو مێیینان، هێمای پێشکەوتن و داوای مافپەروەرانی سەردەمی دایك سالاری و نەوە لاسارییە. ئەوەیش لەگەڵ ژینگەی نوێ و سەردەمی خێراڕۆیی ڕانەیەت، ئەوا شێتی و کۆنەپەرستی و مێشك وشکی بۆ دەمێنێتەوە. بەپەلە خۆی بگەیەنێتە شێخی گۆڕستان باشترە، لەوەی کە لەگەڵ نەوەی نوێ بە ناسازی و نەبانی  و ناتەبایی بە کوڵەمەرگی بژیەت!

ئەگینا سەرکۆتان سەد کڵاوگۆریەو تەپڵەکی لبادی دەنێنە سەر.

# خۆکوژی

خۆکوژی، براکوژی، کەوکوژی، ڕەشەکوژی...

هەن لە ڕکی دەوروبەر خۆیان دەکوژن. هەیە کوڕی خۆی دەکاتە بەراگێڕی کچی خەڵکی.

کەری دێزە خۆی دەکوژێت، بۆئەوەی زیان بە خاوەنەکەی بگەیەنێت.

هەن لە پێناوی سەرنج و سۆز کێشی، بادەی مەرگ لە ناوەختدا دەنۆشن، فوو لە چرای ژین و خۆڵ لە چاوی خۆیان دەکەن، هەن بەرگەی ترس و تفت و تاڵی و دژواری پەژارە و ژانی ژیان ناگرن، بە کزە بایەك، بە تامریشکەیەك، بە نووچدانێك مێردەزمەی ترس سواری هۆشیان دەبێت، تروسکەی هیوایان کزدەبێت، ناخیان دێتە لەرزین، دەبەزن و هەرەس دێنن.

لە گەڵ زەردەی ئێوارەیەك، خونچەی ئاواتیان زەرد هەڵدەگەڕێت، دەیکەنە گەڵاڕێزان. بە خۆر ئاوابوونی ئێوارەیەکی ئاسایی، نەتە بەردەدەن و گۆڕستان بە گوڵستان و جۆلانەی حەسەناوەو پەناگەی خۆ لە خۆو لە خەڵك

شاردنەوە دەزانن. هەیە لە بێباکی و کورتبینیدا بەبێ چاندن و ئارەق رشتن، ئەمڕۆ بەری بەیانی دەچنێتەوە، بەیانیش بە نەبوونی دەمێنێتەوەو بە زەبوونی دەتلێتەوە، بۆ سەرپۆشکردنی کەمایەتییەکەی ژیانی کەم دەکاتەوە.

هەیە بە هەڵە لە بارو هەلومەرجی نالەباردا، لە چرکە ساتێکی هەڵچووندا، بە نوێژی نیوەڕۆ، ئەقڵ و رەشکێنی چاوی دەڕژێت، هەر لە تاریکییەوە، بە بڕیارێك، بە کردارو کاردانەوەیەکی سەرپێی، بە ئەنقەست یا بێ مەبەست، خۆیان یا خۆیان و دەوروبەریان، جوانەمەرگ دەکەن. هەن بۆ تۆقاندن و ریسواکاری و هەڵتەکاندن، یان بۆ سەیروسەمەرەو ناوبانگدان، خۆکوژی هەڵدەبژێرن.

بەڵێ ئەمانەی گوتران چەندین برگەو رستەو دەستەواژەو زاراوەی سامدارو رەش و شوومن، رۆژانە لێرەو لەوێ دەبیسترێن و دەبیندرێن. مردن لە پێناوی دەربازبوون لە تەنگوچەڵەمەو چەرمەسەری ژیان، مردنە بۆ مردن، بەزین و شەرمەزاری و پەشیمانییە. بەزین و دۆڕاندنی بەڵگە نەویستە.

خۆکوژی لە کۆنەوە هەبووە، تا ترسنۆکی و کەللەپووکی و بەزینیش مابن، ئەویش دەمێنێت.

ئاخۆ ترس و پەژارەو کەتن و لێکەوتن، ئەوە دێنن مرۆ خۆیان بۆ بتاوێنێتەوە؟

دەڵێن: ((مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان، چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان))

لێرە مەبەست دێزەیی و گورگەیی نییە، کارەکەری هەنگ، بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی بژیەت بە دڵنەواییەوە سەربنێتەوە، لە پێناوی ئاوات و ئامانجێکی بەرزدا، یەك بێن، پێکرا دەکارێن، لە خەبات و رەنجداندا کۆڵنادەن، هەتا ئەگەر بۆ سەربەستی خۆی و پاراستنی وارو شانەو پوورەو میرو نەوەی ئایندەی، ناچار بین بە خۆکوژی بە دوژمنەکانییەوە وەبدەن.

٢٠٠٥/٥/٤ هەولێر

# تەمەن

تەمەن چییە؟

تەمەن تاپۆی بێ تاپۆیە، ماوەی نێوان هاتن و چوونە، دەرکەتن و تێپەڕین و گومبوونە، چاو هەڵهێنانی دوای سەراوو جواناودانە، گاگۆڵەکردن و دارەدارەو سەرپێکەوتن و تەڕاتێن و تەرین و تەرپڵ[1] و تەڕابوونە[2]، تەمومژی تەپۆی پووشپەڕە، تەپکەی قیرەبڕکردن و تراویلکەی تەپڵەك لە سەرنانی تەڕاوبەڕابوونە.

مرۆ لە کازیوەدانی رۆژی سەر دەرکەوتنییەوە دەزیرێنێت، کە ئاسۆ روونبوو، ماوەیەك لە ناو لانکدا دەخەوێت، دەشنێتەوە، بە چوار پەلان دەخشێت، نیوەڕۆ بەدەم لاوك گوتنەوە بە دووان سەمادەکات، لە ئێوارەی تەمەنیشدا بە سێ پێیان، کەمە بەدەست، بە ئاخ و ئۆف و پشتی کۆماوییەوە، بەرەو گلکۆ دەلەنگی، لە ترسی گیانکێش لنگی لە دوانایەت، بە نووزەو پاڕانەوە جواناو دەردەداتەوە.

---

١- ساتمە کردن و بەلاداهاتن. ٢- کەوتن، وێلبوون.

ئەمەن حیلە حیلی ماین و حیلکە حیلکی خۆناسین و قاقای قامچی تەلەسمێکە، ئەمەرە[٣] و تەڵمیت[٤] و تەڵمیسێکە[٥]...

ئەمەن چەکەرەدان و تووڵ هاوێشتن و تەرز دەرکردن و خۆ هەڵواسین و گەشەو رۆیشتن و گوڵدان و بەرگرتنە، تڵماسکی پەرسیلەی سەوزی ترشە، رەنگی زەردو سوورو رەش دادەگەرێت، راوی هەنگوینی تێدەگەرێت، لە کاتی خۆیدا نەچندرێتەوە،

---

٣- کێشەو دەردەسەری.

٤- مانێك کە سوارەکەی جوانەمەرگ بوو. لە پرسەدا بۆ شینگێران رایدەگرن، کۆچ و بار.

٥- ئاپۆرای شیوەنگێر، کۆمەڵەی شینگێران.

دەبێتە مێوژۆکەو خشپۆك و رزۆك و وشکەڵ و دەوەرێت، لە ژێر بەفرو شڵێوەی زستاندا دەتلیسێتەوە[1]

تەمەن هەڵزنان و شۆڕبوونەوەیە، تەکان و تەقەڵاو تەقڵەلێدانە، هەڵکردنەوەو خلۆرکردنەوەی گلۆرەی بایە. هەن دەڵێن تەمەن: بەفرە، بۆرانە، خولانەوەی خوولخوولەی[2] خڕۆکەی زەوییە. سوورەسووڕی رۆژو شەوە. تەمەنت چەندە؟ تەمەنی هونەریت چەندە؟ تەمەنی خڕۆکەی خۆر چەندە و کەی کۆتایی دێت؟ کۆنە پیتۆڵان و بلیمەتانی سەردەم دەفەرموون: کێش و قەوارەی تەمەنی راستەقینەی مرۆو گیاندارانی کەلکدار، بڕی بەرهەم و داهێنان و بەخشندەیی و نەمری و شۆخییە، یان مردۆخی و منۆخی و پلتۆخی و کلکی و کلکداری و مشەخۆرییە.گیاندارانی سودبەخش و ئامرازو ئامێری دارو بەردو ئاسنیش تەمەنی بەرهەم و بەردانییان هەیە بۆ دەستپێك و رێگەی رووباری تەمەن هێندە روون و رەوان و رەوهانە؟ لە رێژگەکەشیدا سست و ساردو تاریك و نادیارە؟

<u>بە چ پێوەرێك تەمەن دەپێورێت؟</u>

١- دەخووسێتەوە، دەنوێتەوە.    ٢- مزراح.

ئایا تەمەن: کورتی و درێژی؟ گەورەیی و بچووکی؟ پیری و ناسکی؟ کۆنی و نوێیەتی هەیە؟
ئایا تەمەن بە هەناسەو چرکەو خوولەك و رۆژو مانگ و ساڵ و سەدەو هەزارە دەکێشرێت؟
مەترو یاردەو هەنگاوو قۆناغ، مانگ و ساڵ پێوەری ژیانی ژیوەری بوون و مردن و هەڵوەشانەوەی بێ گیانان و زیندەوەرانی خۆنەناسە.

ئاخۆ تەمەن درێژی، زۆری و بۆرییە؟ رابواردن و خۆشی نۆشییە؟ یان چەرمەسەری و راکەڕاکەو رکابەرییە؟
ئایا کەمژیانی، کەڵژیانی و جوانەمەرگیی، وەرینی خونچەی ناکام و، ناوبانگ و گوڵاوین شکۆدارییە؟
ئایا نەمر: بوونەوەرێکە خۆبەخش و کردە پاك و نەوە چاك بێت، شوێنپێی ژیانی لە راستەڕێکردن و راستەڕێدا ببڕێتەوە؟ یان هەناسە ساردی خەزانی نەکاوییە؟.

فریشتەی سەرشانی راستی تەمەن، شتە پاك و پوخت و ڕەواکانی مرۆ دەخەنە گەنجینەو توورەگەو تۆمارگەی (+) سەربەرزی و چاکی و پاکییەوە.

فرشتەی سەر شـــانی چەپیش ئەژماری خواردن و بردن و گزی و گەندەڵی و چەوتی و مشەخۆری و چاونزی و بەدکاری دەکات و لە تۆمارگەی (−) بلحکاری، بە بەڵگەنامەوە دەیان چەسپێنێت.

لە ئێوارەی تەمەندا، (+)کان بە جیاو، (−)کان بەجیا، کۆدەکرێنەوە.

سەرجەم بەرهەم و دەسکەوتی سەر هەردوو شانی، بە هاوکێشەی یاسای ماتماتیکی و، تەرازووی دادوەری بەراورد دەکرێن.

ئەگەر سەرجەمی کۆششی ژیان و کردنە کۆشی خۆشی بە (+) کۆتایی هات، ئەوا بڕوانامەو خەڵاتی خاوێنی بە دەستە راستەوە وەردەگرێت. بە سەربەرزی و چاوبڵندی و رووگەشییەوە سەر بۆ دادوەر و چاکەکاران دادەنەوێنێت،

ئینجا بە شاییەوە، راستەو راست، بەرەو گوڵزاری بەهەشتی ئاواتی تێدەپەڕێت.

خۆ ئەگەر سەرجەمی ئەنجامی لەیەك دەرکردنی: (+) — (− ) = (−) ، بەنیشانەی کەم مایەوە، ئەوا بە ناچاری، بە چاونزی و تەوێڵی شۆڕیەوە، بە چەپانی، نامەی چەپەڵی و چەوت و چەوێڵی رەفتار رەشی خۆی وەردەگرێتەوە، کلکی دەنێتە ناوگەڵی و لە تەنیاییدا، بە پەشێوی و بە پەرۆشییەوە، بۆ گەلەی گەرو رەوەی رەشکاری خۆی دەلووری و دەقووسکێتەوەو بەدوایاندا دەگەڕێ و نایاندۆزێتەوە.

٢٠٠٦ دهۆك

# هەوسارگیری

وەك كۆنــە گوندانییــەكی كوردســتانی دوور لــە شــارو شارستانییەتی سەردەم، هەر شتێكی نویێ دەبینم، دەبیستم، زۆر بـە وردی لەگـەڵ ئەوانـەی لای خۆمـانی بـەراورد دەكـەم. ماوەیەكــە گوێمــان بــە ((پرۆســەی هاوســەرگیری)) دەزرینگێتەوە.

هەڵبەتـە نكۆڵی لـە بایـەخی پـیرۆزی هەڵبـژاردنی هاوسـەرو هاوسەرینی ژیان ناكرێت، بەڵام ... هەندێك جار وشەی (بـەڵام) شتەكان سەراوبن دەكەن، هەست دەورووژێنن، بۆیە دەبـێ بـە وشـیاری و هەسـتیارییەوە گـوێ لـە دوای بـەڵام بگـرین نـەك بەرایی، نەختێكیش بە روونی نەرمونیانییەوە، كەزی بابەتەكـە بكەینەوە. بەڵگە نەویستە كە نەپسانەوەی ژیـان لەسـەر گـۆی زەوی پەیوەستە بەو هاوسەرگیری و جووتبوونەوە.

هــەموومان دەزانــین كــە نێــرو مــێ دوو تــاكی جــووتێكی سرووشتین. بۆ یەكدی و تەواوكردنی یەكدی و بـەردەوامبوونی ژیان وەك خاك و ئاو دروستكراون. بە یەكـەوە شـیرین و سـازو سازگارو بەبڕشت و گەشاوەو خەملیون.

ئاو بەتەنیا، بەبێ بەرزبوونەوەو دابەزینەوە، بەبێ بوونە هەڵم و باران و لەبەر ڕۆیشتنەوە، دەبێتە شۆڕاوی دەریای مردوو. خاکی مێینەش، بەبێ سازبوونی بە ئاوی سازگارو ئاونگی نێرەکەی، دەبێتە تراویلکەی بیابانی لمین و گەردی گەردەلوول و هەڵاوەی بکوژ.

مێرگ و گوڵستان و باخی میوەو سروەی گوڵاوین و گەڵوازەی گەلبازەی ژیان. نەبڕانەوەی نەوەو وەچەی ئایندەی دارستان و داستانی گیانداران، پابەندە بە پەیوەندی نێوان نێرومێیەکانیانەوە.

ئەوەیش لە خۆری نیوەڕۆ ئاشکراترە،نەبڕانەوەو کۆتایی نەهاتنی سەرجەم جۆرەکانی گیانداران بە گەورەو بچووکیانەوە،لە مێروولە تا دەگاتە فیل و نەهەنگ،لە پنجە گوینییێکەوە تا دەگاتە داری گوێزو گوێزی هیندییەوە، دەرئەنجامی پەیوەندی ئەم جووتەو جووتبوونەن.

حاشا هەڵنەگرە کە پەیوەندی نێوان نێرو مێی گیانداران بە خڕاوخڕی،جگە لە مرۆڤی کەللەخڕ، سەرتاپای پابەندی غەریزەو جەفەنگی بۆ ماوەییە. مرۆڤ تاکە گیانلەبەرێکە، لە

زۆربەی بوارەکانی ژیانیدا، وێڕای غەریزە، ئەقڵ و ئەزموون بەکاردێنێت،ئەگەر لەم بوارەدا بە تەنیا بکەوێتە گوێکەری غەریزەوە، ئەوا لە خانەی خۆی دەردەچێت و دەگەڕێتەوە ڕیزی ئاژەلان.

شاراوە نییە کە غەریزەی سێکس و سروشتی جۆرو چۆنیەتی ژیان و باری ژینگە، سیستەمی پەیوەندی نێوان نێرو مێی گیانداران دیاری دەکات، دەستووری پەیوەندییەکە هەمیشە لە پێناوی نەبڕانەوەی گیانلەبەرەکەیە. بۆ مانەوەی خەسڵەتە گشتی و تایبەتمەندییەکانی تاکەکانی جۆرەکەیە بە نێرو مێیەوە.

نموونە: کۆترێکی مێیە بە تەنیا ناتوانێت لەسەر هێلکەکانی کڕبکەوێت و ڕۆژانەش چەند جارێك بۆ دان و ئاوخواردنەوە لە هێلانەکەی دەربکەوێت، دواتریش بە تەنیا بێچووەکانی تێر ئاوو دان بکات. چونکە بێچووەکانی تا ماوەیەکی باش ناتوانن خۆراکی خۆیان دابین بکەن، بۆیە جووتێك (نێرێك و مێیەك)، بەیەکەوە دەژین، غەریزەی یەکدی تێردەکەن، بە هاریکاریش بێچوو دەکەن بەخێویاندەکەن. کەچی پەیوەندی نێوان گاو

مانگـا، دێـرو نێرەکـەر، کەڵەشـێرو مریـشك... پێویـستی بـە کرکەوتنی هاوبەش و بەخێوکردنی هاوبەشی دایك و باوك نییە. بەڵکو مێیەکانیان بە تەنیا دەتوانن بێچووەکانیان بەخێوبکـەن و پێـــان بگەیـــەنن. بۆیـــە پەیوەنـــدی نێرەکانیـــا بـــە مێیەکانیانەوە،تەنیا سێکسی و پیتاندنی هێلکەیـە، دواتـر نێـر ڕۆڵـی بـەخێوکردن و باوکایـەتی نییـە. لێـرەدا پەیوەندییەکـە بەرەلاّیی ڕەهاو هەڕەمەیی گاڕانییـە، دەرفـەتی پـەڕینی نێـرە، لە ئەنجامی پێـشبڕکێ و ململلانـێ و سـەرکەوتنی بەهێزەکـەو هەڵبڕینی کەم توانایەکە دێتە کایەوە.

ڕوونییـەکی درەوشـاوەیش هەیـەو ناشـاردرێتەوە، ئـەویش ئەوەیە: بە هۆی شێوازی کەللە سەری زل و بڕبـڕەی سـتوونی و درەنـگ گەشـەکردنی مێـشك و هـۆش و درەنـگ ڕەقبـوونی هێسك و کەمتر پشت بە غەریزەی بـۆ مـاوەیی بەسـتان،بوون و گەورەبوون و لە خەمرەخسانی منداڵی مـرۆڤ زۆر دوادەکـەوێت. ئـەوەی بێـچووە کـەوێك بـە دوو کاتـژمێر، بـۆ خـواردن و حواردنەوەو خۆپاراستن و دەوروبەر ناسین و... فێـری دەبێـت و لێی ڕادێـت و، مانـەوەی خـۆی و پـەیڕەوی دەکـات. بەچـکە

مرۆڤ بە ١٠-١٢ ساڵ فێری نابێت، وێڕای ئـەوەی مێیـەی مـرۆڤ لـە ژیـانی سروشـتی سـاڵانە بێـچووەکی دەبێـت. ئەگـەر ئـافرەتێکی تـەنیا بـاڵ دە دوازدە منـداڵی سـەرکەو بنکـەی بـە دواوە بێت، ئاخۆ مانەوەو گەشەکردن و پێگەیشتنیان دەبێـت چۆن بێت.؟

کـە نێـرو مێـی مـرۆڤ دەگەنـە گـەی گەیـشتن و تـافی هاوسەرگیری و جووتبوون، دەبێت لە پێشدا هۆش بخەنەگـەڕ، بۆ ئەوەی جۆری پەیوەندییەکـە یـەکلا بکەنـەوە، ئینجا بیرو چاویان بە دوای هەڵبـژاردنی هـاوژین و ئـاوکوف و دایـك بـاوکی چاکی بێچووەکانیان بگێڕن.

هاوسـەرگیری ژیـری و کـارایی و دووربینـی و هێمنـی و هاریکاری و لێبووردەیی و لـەخۆ بوردەیی دەوێت. گونجـان و گونجاندنی گەنجانە، پڕیەتی لە بەخشین و خەڵات و وەرگـرتن. بڕیـاری هەرزانـەی بـە پەلـە، هـەڵفریوان بـە خورپـەی چاوپێکەوتنێك، بە نیوە نیگایەك شێت و شـەیدای باڵاو دین و دێوانەی رووخسار بیت. بـە بـزەو بزەبزێکـی دەرشـیرینی نـاخ نادیار، بە هەلاو هـەلاوێك، بـە نامەیـەکی مۆبایـل بـە کتـوپڕی.

ترکـت و خـوا بـیٚ بیرکردنـەوەو هەڵسەنگاندنێکی ژیرانـە، بـۆ کپکردنەوەی کڵپەی سۆزی هەڵچووی چرکەیەك، بکەوێتـە داوی سۆزی قۆزی تەفرە، بە سەرپێیی خۆیان بخەنە ناو گێـژەنێکی چـارە نادیـارەوە. بـە چـەند مانگێـك قـۆزی روخـسار کـۆڵ دەبێتەوە، کڵپەی سۆزیش دادەمرکێتەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە جوانی هۆش و ناوەرۆکە.

بەڵیٚ هاوسەرگیری مرۆڤ خۆشەویستییە بـەڵام خۆشویـستنی هزرو هۆش پێشەبێت، ئینجا ویستی سۆزو خەیاڵ، نەك ویستی سۆزاوی ساتێك، بۆ هەمیشە بیخاتە دۆزەخی ناخۆشویستی.

بڕیاری بە پەلە، لەم پرۆژەی هاوتەمـەنی سەرتتاسـەرییە بـە زۆری پەشیمانی و تاڵی و تاری بەدواوە دادێت.

هاوسەرگر کاتێك بەئاگادێتەوە.لە خـشتە چـووەو، بـە نـاوی هاوســەرگیری هەوســاری گــیراوە، زیــن و لغاوکراو،بووەتــە بارەبـەر،لێی دەخورن،یـا جلەوکێـشی دەکـەن. ئـەو کـات بـە درەنگـەوە بـە مەبەسـتی بـەرەڵابوون و راکـردن وەك خـۆمی خــەمن و خــم بەســەرخۆداکردوو دەکەوێتــە هەڵپـە هــەڵپ و خۆڕاپسکاندن.

بۆ ئەوەی گەنجی کەم ئەزموون لەم پرۆژەیەدا تێنەکەوێت و لێنەکەوێت،واچاکە وێڕای ڕەچاوکردنی ژیری و بوێری و ویستی سۆزی و غەریزەی خۆی، کەڵك لە ڕێنمایی کەسانی تێر ئاقڵ و خاوەن ئەزموونی بە توانا و لێهاتو وەربگرێت. کەسانێك کە ئەم قۆناغەو چەندین قۆناغی دواتریان بڕیوە، کەسانێك کە بۆ پێگەیاندن و دابین کردنی دوارۆژیکی چاکی ئەو، گیانی خۆیان لە لا هەرزان بووە. هەرزە گەنج پتر متمانەی بە تاکی خۆیەتی،بە درەنگەوە بڕوا دێنێت کە تا مرۆڤ پتر بەتەمەن دابچێت، پتر دەبێتە خاوەنی ئەزموون زانایی و دووربینی. بەڵام پرسکردن و راوێژکردن بە ژیر و دلسۆزانی تەمەندار، نەك چوونە ژێرباری بەسەردا سەپاندن، ئەگینا ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەر تاك لایانەیە،چی هەڵبژاردنی کورت بینی سۆزاوی جەستە پەرست بێ، یا بەسەردا سەپاندنی پیرانەی تەنیا هۆش و گیانی بێ لاشە بێت. بەڵێ هەڵبژێردراو دەبێ رووخسارو ناوەرۆك ،جەستەرێك و هۆش و کەللەی پڕو گیانی تژی ئەڤین بێت.

بـۆ ئـەوەی هاوسـەرگیری نەبێتـە هەوسـارگیری، وا چـاکە هاوسەر جووتەی ئاوکوف و هاوڕاز بن، جووتـەی هاوشـان، بـێ پێشکەوتن و پاشخستن، دەسـت لـە نێو دەستی یەکدی، بۆ بەرژەوەنی هاوبەشـی خۆیـان، بـۆ داهـاتوێکی خۆش،بـۆ ملـەو ململانێی تاڵ و شیرینی ژیان، بۆ نانـەوەی نـەوەی بـاش، بۆ بردنەوەو نە دۆڕانی هەردوو لایـان. بـە بـار قـووڵی و خـۆگری و هیوا بەرزی و دوور بینیەوە بکۆشن. بردنەوەو دۆڕان، زاڵبـوون و بەزین لە نێوان دوو هاوسەری راستەقینەدا نییە، بەڵکو هێـزو تەواو کاری یەکدین، با هەریەکەیان لە بوارێکدا تایبەتمەنـدی و رۆڵی پتر یـا کەمتریـشی هـەبێت. ئـەقڵ و لۆژیك ببنـە رابـەر و سەردەستە. ئەگینا هاوسەر گیری دەبێتە هەوسارگیری و رکەو دۆڕانـی دوولایەنـە. وەك جووتـە هێـسترێکی ژێـر نـێر رکەیانـە. دەبێـت ئەوەیـشمان لەبـەر چـاوبێت کـەوا: نێـرو مێیایـەتی تاکـەکان بـە هەڵبـژاردن و ویـستی خۆیـان نـەبووە، بـەڵکو بـە رێکـەوت و چارەنووسـە، کەواتـە شـانازی کـردن بـە رەگـەزی خۆیەوەو بە کەمزانینی رەگەزی بەرامبەر، نەزانی و خۆ بـە زۆر زانی دەردەخات...

٢٠٠٧\١١\١٨ شەقلاوە

# سپارده

لەو کاتەی دا کە تازی و توولەی بێبڕی فرە پیری و نەخۆشی و ناخۆشی، کەروێشکی گیانی شەکەتم لە خرتۆریٚ وەردەدەن، رێزدارانی نوێزان و سەرو سامدارانی دەوروبەرم، داوام لێدەکەن، ئەزموون و پەند و دەسکەوت و ئاواتە ناکامەکانم تۆماربکەم.

خوازیارن دەرەنجامی بەری تەمەنم بە فیڕۆ نەچێت، گەرەکیانە بە درێژایی رۆژگار بکرێتە رێبەرو رێدەری نەوەی نویٚ و نویٚ بوونەوە.

حەپەسام! من کە دروست و بە بڕ، تیخ وتیربڕو، پڕ گوڕبووم. بە دەم و دەست، بە سەرو پیٚ دەمەویست وەستای نەوەستاوو فێرخوازی بە ئاوازبم، بە پێمایەو سەرمایەوە، بە شیرینی و بە ترشییەوە، بە هێمنی و بە پاڕانەوە، بە هاوارو بە دارەوە، بە قنچکە جگەرەیەك لێتان نەکڕیم. بە سپاردە، بە خۆڕایی وەرتان نەگرت!

نازانم من کەترەو تێکچووم؟ یان ئێوە ویژدان گرووواو هۆش گۆڕاون؟

لەم چرکە ساتەی بە گوڕ بەرەو گۆڕ خلۆردەبمەوە، ئێوەیش بـە دوای تـەرمی ساردو سـڕم هـەنگاوی ماتـەمین دەنـێن، بـۆ پەنـدە زێڕینییـەکانم فرمێـسك دادەبـارێنن، پێمداهەڵـدەڵێن، کەللەی بی هەستم دەگەیەننە کەشکەلانی فەلـەك. لـە کاتێکدا بە زیندوویی سەرم بـەردەبازتان بـوو، بەسـەریدا تێدەپـەڕین. تـاکو مـابووین وێـڕای راکەڕاکـەی بەبرسـیەتی و تێنـووەتی و لەبەر گەڕان، بێ ڕێزو هیچ نرخ و خاپەرۆك و بەلانراو بووین.

کە خـۆری تەمـەنمان بـەرەو کێـوی ئـاوابوون داکشا، چـرای ژیان کزو تاریکی سڵی لێی نەما، ئەوکات سەردوولکەو شین بـۆ شەوی تەمـەنمان دەگێـڕن، کـردارو رەفتارمـان دەکەنـە پەنـدو فەرموودە. بە گۆڕی گۆڕبەگۆڕ چوومان سوێند دەخۆن.

بە زیندووەتی بچووکتان دەکردینەوە، بۆ ئـەوەی بـەخۆتان گەورتر بکەونە بەرچاوان، بە مردووەتیش تەرمەکانمان گـەورە دەکـەن تـا لـە بـان گلکۆمـان بلنـدتر دیاربن؟ یـان بەرچـاوتان روونبووەو لە خۆشی خۆشـییان نەهـەنگ ئاسـا فرمێسکە بـزە دەڕێژن؟

پەرسیلە چۆن دەبێتە ترێ؟

تام و تەمەنی ترێ چییە؟

کەی ترێ دەبێتە مێوژ؟

مێوژ قۆناغەکانی چەکەرەدان و پشکوتن و گلێرەکردن و پەرسیلەگرتن و بەڵەکەبوون و شیرین بوونی بینیوە.

بەڵام قۆڕەی کاڵ، کە لە نێو ترشی و تفتی خۆیدا خەملێوە، ئاخۆ راستەوخۆ دەبێتە باسووق و سجووق و خۆشاوی مەزەدارو دۆشاوی چکچکە؟.

بۆ سپاردە نووسین رامدەسپێرن؟

سپاردەی من: رووی خۆش، دەستی دەستگری، کەللەی پڕهۆش و جوانی و پاکی دامەنپۆشم گەرەکە، بەچاوی سەری زیندووم ببینم، دوو گوتەی فێنك و مێخۆش ببیستم. نەك بە سیخورمەی جەرگاوسیتان، جگەرو سیم دابرژێنن، بە چەپەڵی ژهرەمار بکەنە گوێچکۆڵەی چەپی دڵم، لە دوای گیان سپاردنیش، بە لاواندنەوە لاشەی ساردو سڕم بە خاك بسپێرن. گەر تێتان داهەبێت بەسەر تەرم و تابووتم سەربکەون، بەرز

هەڵبچن، شادم دەکەن. من مردەی ماران گازی رەفتارتانم، بەم گفتارانەتان خۆتان پتر پووتەو منیش نابوودتر دەکەن.

کە کەوماری کەوی، بە پڵنگی کۆنە ساڵ وەبدات، منۆخانیش بە بەبێ برین و دڕین بیگروون، کەوڵی بکەن، لێزانانە پێستەکەی خۆشەبکەن، نرخی کەوڵەکەی بە کڕین نایەت، چونکە نەونەمامانی نازفرۆش لەسەر سەکۆی هەڵبژاردنی شاجوانی ساڵانە دەیکەنە پاڵتۆی نواندن و خۆ پێبادان. ئێوە بۆ سۆزو حەزی ئێستای مردوو دەگرین، من بۆ داهاتووی زیندوو.

هیچ بەهیچ نەبێت، بە کەسێکی دیکە ناسپێدرێت. سپاردن و سپێرگرتن کەسی خۆی دەوێت. لە گوریسی رەشبەڵەك دەترسم، دەترسم ترسەنۆك و تڕن و ترشکێنانی خرس و خرپۆك و خرپۆی ناکەسانی کەسم، لە گۆڕیشدا کەساس و کەسەربارو کەسیرەم بکەنەوە.

هەولێر ۲۰۰۸/۹/۱۹

## ئامار

سەرمایەداران دەفەرموون: بە پێی نوێترین ئاماری سەردەم، ٢٠٪ دانیشتوانی وڵات، ئەرکیان بەرهەمهێنانی ٨٠٪ سەرجەم بەرهەمی وڵاتەکەیانە. دەستکورتانیش دەڵێن: هەشتا لە سەدی دانیشتوان، رەشورووتە، بیست لە سەدی بەرهەمی وڵاتەکەیان کەمتر وەبەردەکەوێت.ناوبژیوان دادگای ئامارە.

بڕیار: دوای وردبوونەوەو بەراوردکردن، بە پێی رەنووس و هێلکاری و ستوونانی زوانی ئامار، هەردوو لایان راستیان فەرمووە، بەڵام بەڵگەو هاوکێشە نووسین و گوتە شتێکە، سەنگی پێتەرازووی دەسەڵاتی دەسەڵاتداریش قەوارەیەکی دیکەیە.

بۆ پشتراستکردنەوەی بۆچوونەکە، لەبری هەڵچوون و رەخنەگرتن و مقۆ مقۆو ئەملاو ئەولاکردن، فەرموون بە چاوی سەری خۆتان، لە سەرتاسەری جیهانی کۆن و نوێ بڕوواننە گفتارو بڕیارو کارو ناوبژیکردنەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو نەتەوەیی. بڕواننە رێکخراوەکانی (یوئێن) و (یو ئاند می... یوورس، ئاند ماین). ٢٠٠٨\٩\٢٨ هاوینگەی بێرتینێرۆ- فۆرلی_ئیتالیا.

# خەون

لە خەوندا لە كۆمەڵگەیەكدا دەژیام، خوێن و ئیقسانی گزی و دزی و خۆویستی و خۆشی پەرستی بخۆری و پڕ تەوەزەلی و باڵبڕی و بەری دڕی و زمانشڕی و زلكوێری و چاوتەنگی و دەبەنگی نەنگی بوو، پیرو ساوایان بە ورگ بیریان دەكردەوە، خەیاڵیان دەچاند، تەبارەو قەسەڵی قسەو قسەلۆكیان دەدرووەوە، وڵاتیان دەكوتا، گەلیان شەن دەكرد، خەرمانی بەری رەنجی نەخۆش و بێ دەست و چارە رەش و نابینایانیان هەڵدەلووشی، كەچی شانازیشیان دەكرد كە ئەوان باشترین هەڵبژاردەی سەر خڕۆكەی زەوین.

هەر لەو خەوەدا گیانم سواری چەرخوفەلەكی رۆژگاری ئەفسانەیی بووو فڕی، چەندین زنجیرە چیاو رووبارو بیابانی لم و گردو گۆم و دەریاو زەریای بڕی، لە نساری گوڵستانێك، لە وڵاتێك، لە شاشارێك نیشتەوە، تاكەكانی كاركەری پوورەی هەنگ ئاسایی، هەر یەكەو لە ئاستی خۆیەوە بەوپەڕی ئازادی و ئازایەتی و دڵسۆزییەوە دەكاران، رەنجدەرو زۆر بەرو بە سێبەر، گشت ویست و پوورە پەروەر، پشوودرێژو دڵفراوان و چاوتیژو سەرڕاست و زمان هەنگوین، ژینگەیارو بەكارو پاڵە،

پاڵەوان بەزێنی هونەرمەندبوون، کەچی بێ وەستان و بێ حەجمان و دەم بەهاوار جارپیاندەدا: پتر... چالاکتر... درەنگە و دواکەوتین... با باشتر رابین... دەستگەرم و دڵگەرمبین، ساردنەبینەوە دەحەسێینەوە. سارد ببینەوە ناحەسێینەوە... ئارەقەمان کردووە، بحەسێینەوە لە بەستەڵکی زستاندا گەرم نابینەوە.

چۆن هاتبووم هەر ئاوهاش گەڕامەوە ناو کۆمەڵگەی یەکەم. بەدەم چلوورەی خەم و گڕی گریان و سووتانم لە تاوی گەلەکەدا، ورە پێوم لە خوارووی سالبەوە هاتوچۆی بوو. لەم بولێڵەی نێوان بە ئاگایی و بێ ئاگاییەدا، بەدەم دڵە خورپەو بەرچاو لێڵییەوە، بە کڕی ورێنەم دەکرد، مێردەزمەی بەزین و مەرگ، نقەی لێبڕیبووم، گیانی شەکەت و تەریوی دایکم بانگی کردم: رابە رابە!. لە منت نەکەوی رابە.! خەوتن مردنە، خەوبینین بە ئاگاهاتنەوەو بڕیارو کرداری بە دواوە نەبێت، ژیان تامی فرچك ناچێژی، هیوا بڕاو دۆڕاوە، ورە تەپیو تەپیوە.دەی رۆڵە! بتبینم و نەتناسم، رابوون و نەبەزین، دەرمانی دەردانن.

٣| ١١| ٢٠٠٨ بۆلۆنیا– ئیتالیا

# خۆرهەڵات

لە وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ناویندا، لە ساڵێکی هاتی سەردەمی هەرزانیدا، دانیشتوانەکەی بۆ خۆبەختکردن لەپێناوی میوەو مەی و مەیگێڕی مەیخانەی باخی بەهەشتدا، خۆیان خزاندبووە ناو دۆزەخەوە. خێزانێکی برسی بۆ نانی جۆ، کوڕە هەشت ساڵانییەکەیان بە هەزارو پێنجسەد دۆلار فرۆشتە ژنێکی خوداپێداو، دەوڵەمەندێکیش کوڕە هەشت ساڵییەکەی خۆی بە سەدوپەنجا هەزار دۆلار لە باندێکی منداڵ فڕێن وەرگرتەوە ! بۆیە ساردی و تارمایی تاریکی، کوڵان و کڵپەو چڕە دووکەڵی دۆزەخی دونیا، ماڵی نەدی و بدییان، هەبووەو نەبووان دەگرێتەوەو دڵ و دەروونیان دەبەستێت. مێشك و شیلکە سەریان دەکوڵێنێت.

٢٠٠٨\١١\١٥ ڤیەنا

# دابەشکردن

ئـەو رۆژەی کـە ئـەقڵ و ژیـری و زیرەکـی و بـوێری دابـەش کران، بلیمەتان و تێرئاقڵان و نەبـەزان، خۆشـبەزو کـەمهۆش و گێـل و بێـسەرو شـێتانی ژیـرو ئـاقڵانی شـێتۆکەش، هـەر هەموویان، بە وردو درشتیانەوە، بەبێ گلـەیی و گازانـدە، هـەر یەکەیان بە بەشی خۆی رازی بووو شانازیشی پێیەوە دەکرد.

کەچی لـەم کاتـەی کـە مـاڵ و سـامان و دەسـکەوت و رزق و رۆژی دابـەش کـرا، تێکـڕا، بـە رووتـەو بـە پۆشـتانەوە، هـەر هەموویان زوێرو دڵگران و ناقایل بوون.

٢٠٠٨\١١\٢٤ بەرلین

# تاڵیشك[1]

لە دێرزەمانەوە، لە کوێرە دێیەکی تەریك و دوورەدەستدا، هەبووەیەکی ناودار، لەگەڵ سێ کوڕی جحێڵی، لە دوای سەرنانەوەی هاوسەرەکەی دەژیەت.

دایکی کوڕەکان، بەر لە مردنی، یەکێکی جێگەی متمانە رادەسپێرێت، کە: ئەو بە هەرزەیی بەرگەی سۆزی هەڵچووی دنیاداری نەگرتووە، خلیسکاوەو کەوتۆتە نێو تاوانەوە. کوڕێك لە کوڕەکانی، لە پشکی هاوسەرەکەی خۆی نییە. هەر لەو کاتەوە پەشیمان بۆتەوەو لە خواپاڕاوەتەوە، هەمیشە هەوڵی پاکبوونەوەی داوە، نەهێنییەکەیشی لە لای هیچ کەس نەدرکاندووە.

ئێستا کە نزیکە مەرگەو بەرەو گۆڕستان هەنگاو دەنێت، نایەوێت باری تاوانی گرانتر بکات، کوڕێك ببێتە میراتگری پیاوەکەی کە لە پشتی ئەو نەبێت.

---

١- گیاکەوە، گیایەکی تاڵەو کەو حەزی لێ دەکات.

له دوای نەمانی ژنه، راسپێردراو پەیامی خۆی دەگەیەنێت. دارای بەناویش لە ناخی خۆیەوە هێندەی دەکوڵێت و دەکۆشێت، بیر دەگێڕێت، گرێ کوێرەکەی بۆ ناکرێتەوە. دواتر بۆ رێنوێنی و چارەی گرفتەکەی دەچێتە لای زانایەکی ئەوسەردەمە، سەربردەکەی بە وردو باریکی بۆ دەگێڕێتەوە.

ئـەوكاتیش پـشكنینی كۆمەڵـەی خـوێن و (دی ئـێن ئـەی)و
وردەكارییەكانی زانستی ئەمڕۆی بۆماوەیی نـەبوون. دانایەكـە،
پیاوە رادەسپێرێت، كە دۆستێكی دەوڵەمەندو دڵسۆزی خۆی
لــە ژێــرەوە تێبگەیــەنێت، لــە لاڕا، كوڕەكــانی یــەك یــەك
تیبكاتەوە. بە نەهێنی داوای ئەوەیان لێ بكات، كـە ئـەو كـاری
بە ئێسكوپروسكی باوكیان هەیە، بۆیـە دوای مـردن و ناشـتنی
تەرمی باوكیان، دەیەوێت بە بڕە زێڕێكی چاك، گۆڕەكـەیان لێ
بكڕێت.

دوای ئەنجامدانی پلان، دوو كوڕ، هەریەكەو لە لای خۆیـەوە،
خەریك بوون كابرای دەوڵەمەند بە سۆدرەببەن ، بەڵام ئـەو بـە
هێمنی، بێ دەنگی دەكردنـەوە، دەیگـوت: لـە نێـوان خۆمانـدا
نەچێتە دەرەوە، مەبەستم لەم كارەدا ئامانجێكی پیرۆزە.

كـوڕی سـێیەم بـە ئاسـانی و بـە هــەرزانی گـۆڕی باوكـەی
فرۆشت. تاكـە مەرجیـشی ئـەوەبوو كـە: كارەكـە بـە دزییـەوە
بكرێت.

باوكێـك، لـە نوچـێكی نادیـاری وڵاتێكـی لابـەلادا، بەتـەنگ
ئەوەوەبوو كە میراتەكەی بەر یەكێك نەكەوێت، كـە لـە پـشكی

ئەونەبێت و نرخی گۆڕەکەی نەزانێت. کوڕی شوانەوێرەی چاونەکراوەو شارنەدیویش، ئامادە نەبوو، گۆڕی باوکی بفرۆشێت.

کەچی مرۆڤی رۆشنبیرو دونیادیتەی سەردەمی ئەمڕۆمان هەن، بۆ خۆهەڵنان و تەڕخۆری و ڕێکپۆشی، بۆ ئەوەی نرخی سەری ئەوان پێی خۆیان دەربازبکەن، خۆیان بگەیەننە هەندەران، یادگارو دەستکارو شوێنەوارو ئێسکوپروسکی باوانیان، بە دۆلارو بە یۆرۆ دەفرۆشن. وارستانی کۆنینەو دانسقەی رەسەنایەتیشیان، لە گورگە لووری شەوی باوبۆرانی زستاندا، لەژێر پێ و شەڵفەی کەمتیارو مالۆسان جێدێڵن.

کەچی دوای رەوینەوەی تەمی مەینەتی، پایزەبرایان... نواندنی چاوگەشی و دڵفراوانی و مرۆڤ ویستی و گونجانی لەگەڵ بەهار و هاوینی سەردەمدا، تەرمی تەرمفرۆشە خۆویستانی هەڵاتوو، بە خوێن و بژێوی وارپەرستانی پلیشاوەوە، دەهێننەوەو...

# ئێوارەیەکی کوردەواری

ئێوارەیـەکی گـەرم، لـە کاتێکدا کـە زەردە پاشەکشەی لـە ئاسمـانی قـەلای هـەولێری دێـرین کردبـوو، ئەسـتێرەو گلۆپەکانیش تەواو نەدرەوشابوونەوە، لە یادی بیرەوەرییـەکی گـەرم (چـواردەی تـەمموز)، لـە گەرمـە گـەرمی بانگەشـەی هەڵبژاردنی ئەندامانی خولی سێیەمی پەرلـەمانی کوردستان. چـەند کەسـانێکی فۆلکلۆرویـست و سـەردەمحەزو نوێخـوازو رەسەنگۆو وارپەروەرو مرۆڤ دۆست، لە ئێوارەی تەمەنیانـدا بـە سەرو ریشی سپی و ماشوبرنجەوە، لە سەنتەری خانەنشینانی هەولێر (باغی شار) دانیشتبوون. گلـەییان لـە رابـردووی تـاڵ و سڵیان لە ئایندەی شەکەت و کەنەفت دەکردەوە.

هاتنە سـەر باسـی پـیرو گـەنج و ئـەرك و مـاف و ناسـنامەو بایەخی هونەرو نرخی هونەرمەندو رەسەنایەتی و جیهانگەری:

یـەکێکیان: بـە زۆری تەمەنـدارو خـاوەن ئەزموونـەکان لـە کەلـەپوورو رەسـەنایەتی و ناسـنامەی گەلەکـەیان دەپرسـن و لێی دەخـەفتن و بـۆی دەمـرن، ئـەگینا زۆرینـەی گـەنجان بـە

هیـوای گۆڕانکـاری و داهێنـانی مـەزن، چـاویان بـە ئاسمـانی جیهانگەرییەوە لکاوەو پیّ لە کـەلتووری مللـی و رەسـەنایەتی دەنێن.

دووەمیـان: دەزانم دۆڕانـدنی دێـرین و رەسـەنایەتی زولاڵ، گۆڕان و داهێنان نین، بەڵام تا نەمانخەنە گۆڕو لەبـەر چاویانا گـوم نـەبین بۆمـان نـاگرین. بڕوانـە قاڵـە مـەڕە ! بـە درێـژایی تەمەنی بۆ هونەری مللەتەکەی ژیا، تاکو نەمرد کەس خـۆی و هونەرەکەیشی نەناسـی، کەچـی کـە خـستیانە نـاو دارەبـازە، ئەوکاتە زیندوو کوژانی مردووپەرست، گوڵاوپژێن و گوڵبارانیـان کرد، لـە سـەرتاپای کوردسـتانی گـەورەو کـوردانی ئـەورووپاش پرسـەیان بـۆ دانـا. لـە هەمانکاتـدا بڕواننـە مایکل جاکسۆنی گۆرانیبێژ، بە زیندوویی و بە مردوویـی لەبـەر چاوو لـە نـاو دڵ ولە باوەشان بوو.

سێیەمیان: یەکـەم قاڵـە مـەڕە هـەژارێکی کوردبـوو. دووەم: دوو تەمەنی میکایل ئـەو ژیـانی خـۆی کـردە قوربـانی هونـەری رەسـەنی گـەلێکی پـەژموردەو بێسەر. بۆیـە کـە مـرد، ئینجا زانیان چ ئەڵماسێکی نەدیتراویان لە دەستداوە، بـەڵام میکایـل

بۆ خودی خۆی و بۆ هونەری گەلێکی خۆناس و مرۆڤ پەروەر ژیا، بۆیە بە زیندوویی و بە مردوویی گوڵباران دەکرێت. کەچی مێشتا تۆیش بە بەشی قاڵە مەڕە رازی و خەمتە لە دوای مردنت شوێنەکەت بە مرۆی شیاو پڕناکرێتەوە، وەك خۆت گوتەنی گەنجان مشووری کەلتوورت بۆ بخۆن.

چوارەم: واز لە پیری کەنەفت و گەنجی شەنگ و تەلارو گۆڕی تەنگ و چەنگی رەوانکێش بێنن، ئاخۆ ئەوانەی ، لە زانکۆ و دەزگاکانی بڵاو کردنەوەو کۆکردنەوەو تۆژینەوە، لە بواری رەسەنایەتی کەلتوورو فۆلکلۆری شوێنپەنجەیان دیارە، سەرجەم ژمارەیان دەگاتە (١١١)، ئەگەر ئەوان نرخ بۆ یەکدی دابنێن و لە نێوان خۆیاندا پسپۆڕو پیتۆڵ بن بە لێزانی بیرتیژی و دووربینی و قووڵی و وردی و هاریکاری، بەپێی پلانی روون و درێژخایەن، بە شێوازو رێبازی لەبار، بە گشتی و بۆ گشتی بکۆشن، دژی دووبارەو سێ پاتی و تاتیتاتی و پاشاگەردانی و من منی بن، لە چوار ساڵ نا، بەڵکو هەر لە چڵ ساڵ جارێك، لە نێوان خۆیاندا بە گردی، وەك رێزلێنان، سێ کاراو خەمخۆری دڵگەرم و دەمگەرم بە نوێنەری خۆیان و بە

کارەکــەی گــەل هەڵبــژێرن، جڤاتەکــە ببێتــە دەمڕاســتی ڕاستپەڕوەران بە پیرو گەنجانەوە،بە یەك زمان و یەك دەست بکارێن، خۆیان لە پێش لووتی بەرپرسی نارۆشنبیرو تاریك بیرانی ئاوگەلە بچەسپێنن، دڵنیابە نائاگاو بێداران بە یارو نەیارانەوە، لە بنار یاڵ و قەدپاڵ و لووتکەوە، دەیانبینن، دەنگیان دەبیستن، لاترقەوچ و لامێژو تەنگەژەنانیش ناتوانن ڕێگریان بن، ئەوکاتە ڕەوسەی ڕەسەنایەتی بردەکەین، فۆلکلۆرو فەرهەنگیش بێ خەمخۆر و دۆست لایەنگری خورت ، بێ وەچەو نوێبوونەوەو بە وەجاخکوێری نامێننەوە.

هەولێر ١٤\ ٧ \ ٢٠٠٩

## بڵاوکراوەکانی ساڵی ٢٠١٠ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
## بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | لاپەڕە | نرخ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٩ | ناساندنی ڕەخنەی سینەمایی | خالید حەمەلاو | هونەری سینەما | ١٢٨ | ١٠٠٠ |
| ٤٠ | بزیەری کلۆل و کلۆلیی هەمیشەیی لیبڕالیزم | محەمەد مشیر | لێکۆڵینەوە | ١١٢ | ١٠٠٠ |
| ٤١ | زمان گێڕانەوە، کۆدی دافنشی | عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا | لێکۆڵینەوە | ٩٦ | ١٠٠٠ |
| ٤٢ | ئەسمەرو مامەر | عەبدولا هەرشەمی | چیرۆکی فۆلکلۆری | ٩٦ | ١٠٠٠ |
| ٤٣ | هموم کوردستانیه | فائق جمیل | وتار | ١١٢ | ١٠٠٠ |
| ٤٤ | مرۆڤاو | سەدرەدین نورەدین | پەخشان | ٨٠ | ١٠٠٠ |

چاپخانەی رۆشنبیری

١٠٠٠ دینار